# فەرهەنگی کۆمپیوتەر



منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب ( كوردى ، عربي ، فارسي )

هێمن مەلا کەریم بەرزنجی

ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)ە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada/

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com

# فەرهەنگی کۆمپیوتەر

# Computer Dictionary

a

بلاّوكراوەی خانەی چاپ و بلاّوكردنەوەی چوارچرا
زنجیرەی 197
ناونیشان/سلیمانی-شەقامی ئیبراهیم پاشا - بەرامبەر بەیزا
مۆبایل ئاسیا 07701575067 - سانا 07301128388

نرخی 3000 دینارە

# فەرهەنگی

# کۆمپیوتەر

# Computer

## Dictionary

ئەم فەرهەنگە گرنگترین وشە و زاراوەکانی کۆمپیوتەری لە خۆ گرتووە

،کە بۆ هەموو ئاستەکان بەسودە.


دانراوی:

**هێمن مەلا کەریم بەرزنجی**

بێـدەنگی لــە چــەناباز‌ەوە فێربــووم و... هەوڵــدان لــە تەمەڵەوە و ...هێمنی لە لووت بـەرزەوە،زۆر سـەیرە مـن ڕێزی ئەم مامۆستایانەم ناگرم...!!!

(جۆزێف جۆبێر)

ناسنامەی کتێب:

-ناوی کتێب:فەرهەنگی کۆمپیوتەر

-دانانی:هێمن مەلا کەریم بەرزنجی

-ساڵی چاپ:2009-2010

-نۆبەتی چاپ:یەکەم

-پیتچنین:سورکیو

-نەخشەسازی ناوەوە:نووسەر

-نەخشەسازی بەرگ:هەرێم عوسمان

## چەند تێبینییەك:

1-ڕیزبەندی ئەم فەرهەنگە لەسەر شێوەی ئەلفبای زمانی ئینگلیزییە.

2-هەموو وشەکان بەتەواوی ڕوونکراوەتەوەو ئەگەر پێویستیش بوو بێت لە ڕوونکردنەوەکەدا وشەی ئینگلیزی یان عەرەبی و هەندێك جاریش فارسی بەکارهاتووە.

3-ئەم فەرهەنگە تەنها وشە زۆر گرنگ و پێویستەکانی لە خۆگرتووە.

4-ئەم فەرهەنگە بە شێکە لە فەرهەنگێکی گەورە کە زیاتر (1000) لاپەڕەی (A4) دەبێت و ئەگەر خوای گەورەتەمەن بدات (انشا الله) لە ساڵانی ئایندەدا دەیخەینە بەردەست خوێنەران.

5-لەم فەرهەنگە دا پشت نەبەستراوە بەمانای دەقا و دەق (تەرجەمەی حەرفی) و هەوڵدراوە وشە و زاراوە گەلێکی ئەو تۆ بەکاربێت ،کە خوێنەر بەتەوای لەمانای وشەکان تیبگات.

پێشەکی :

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

ئـەم فەرهەنگـە بەرهـەمی چـەندان شـە و نخـونی و هـەوڵ و ماندووبوونێکی زۆرە ،لە پێناو خزمەت گەیاندن بە خوێنـەران و فێرخوازانی بواری کۆمپیوتەر و ئایتی ،بـەڵام لەگـەڵ ئـەوە دا بـاوەڕم وایـە کـەهیچ بەرهـەمێك بـە بـێ کـەم و کـورتی نییـە ،بەتایبەت لە بوواری فەرهەنگ دانان و زمان و زمانـەوانی دا ، و بەتایبـەتریش کـارکردن لـە بـوواری فەرهـەنگی زانـستی و فەرهەنگی بوواری کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان دا.

بـەڵام ئـەو پـەڕی هەوڵمـداوە و هیـوادارم تـوانیبێتم سـەرکەوتن بەدەسـت بهێـنم و کارەکـەم بـە دڵـی خوێنـەربێت و هـاوڕێ ئەکادیمیستەکانیشم لە کارەکەم ڕازیبن.

وەڵێ نابێـت ئـەوە لـە بیربکـەین کەبـەهۆی نـوێی زانـستی تەکنـەلۆژیای زانیارییـەکان و کۆمپیوتـەر و ئینتەرنێتـەوەو درەنگ ئاشنابوونی ئێمـەی کورد بـەو زانستانە،گرفتی وشـە و زاراوەمـان دەبێـت ،لەبەرامبـەر وشـە و زاراوە جیهانییـەکانی بووارەکەدا و ئەوەندەی ئاگاداربم ئەم گرفتە لەناو زمانـەکانی ( عەرەبی و فارسی و تورکیش) دا هەیـە ،بەڵام بـەو ڕادەیـە نییـە کـە لـە نێـو زمـانی کوردیـدا هەیـە و ڕەنگـە غـەدر نـەبێت ئەگـەر

بڵـێین (زمـانی کـوردی لـە بـواری ئـایتی و کۆمپیوتـەر و ئینتەرنێت دا هەژارە).هیوادارم پسپۆڕانی زمانی کوردی بەم قسەیە بێزار و نیگەران نەبن.

لـە کۆتاییـدا هیـوادارم تـۆی خوێنـەر و بەکارهێنـەری ئـەم فەرهەنگـە ،بـە چـاوی لیبووردنـەوە سـەیری هەڵـە و کـەم و کورتییـەکان بکـەیت و هـەوڵ و مانووبوونی ئێمـەت لەبەر چاو بێت .

هێمن شێخ عەبدولکەریم شێخلئیسلامی مودەڕیسی بەرزنجی
2009/1/1

ئەم کتێبە پێشکەشە بە :

- دایکم و باوکم و هەردوو براکەم.
- هەموو ئەو مامستایانەی لە حوجرە و قوتابخانەکانەوە تا ئەمڕۆ ،تەنها وشەیەك چییە لێیانەوە فێربووم.
- هەموو ئەو مرۆڤانەی خۆشم ویستوون.
- شێخلئیسلام زەینەلعبدین بابا گەورەی مودەڕیسی بەرزنجی باپیرە گەورەم.
- پێشکەشە بەو مرۆڤەی ڕۆژانە بە ڕووانینێکی شەرمنانە پێی ئەڵێم : (خۆشم دەوێی) و...تەنها بە نیگای شەرمنانە دەیدوێنم.

# فەرهەنگی

# کۆمپیوتەر

# Computer

## Dictionary

ئەم فەرهەنگە گرنگترین وشە و زاراوەکانی کۆمپیوتەری لە خۆ گرتووە
کە بۆ هەموو ئاستەکان بەسودە.

دانراوی:

هێمن مەلا کەریم بەرزنجی

# A

A

ampere ئەمپێر

A°

angstrom ئەنگستڕۆم

A:

بزوێنەری فلۆپی، خولێنەری فلۆپی، لەبەرنامەی ئیشپێکردنی نەزمی کۆمپیوتەردا، وەکو مایکرۆسۆفت ویندۆز و هەندێك بەرنامەی دیکەدا، ئەم هێمایە بریتیەلە یەکەم بزوێنەر کە فلۆپی یە، یان بەشێکی سەرەکیە لە بەرنامەکە/ویندۆز.

Abacus

ژمێرەر، ئەژمێر، بژمێر، ئامێرێکە بۆ ژماردن بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەستی فێرکردن (لەئێستادا).

Abbreviated address (abbr-add)

ناونیشانی کورتکراوە. ناوێکە بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی بەئاسانی بیرمان بکەوێتەوە و چاپی بکەین، بەڵام ژمارەی پیتەکانی لەناوەوە کە کەمترە، واتە: کورتکراوەی ناوەکە یان ناونیشانەکەیە.

Abbreviation

کورت کردنەوە. کورتە.

ABC

دەست بەسەراگرتن و ڕێکخستنی ڕووناکی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی (خۆیی)، (automatic brightness control)

ABIOS (Advanced Basic Input/output System)

نەزمی (سیستەمی) بنچینەیی پێشکەوتوو بۆ داغڵکردن و وەرگرتنەوەی زانیاری.

Abort

لەبارەی ویندۆزەوە، زانیاری پێویست و گرنگ دەربارەی نەزمی (سیستەمی) کارپێکەری ویندۆز، کە بەکارهێنەر بەهۆیەوە فێری بەرنامەکە دەبێت، واتە: دەلیل و ڕێبەری بەکارهێنەرە.

About word

لەبارەی مایکرۆسۆفت ۆردەوە، زانیاری لەسەر بەرنامەی ۆرد.

Above

سەرەوە، لەسەرەوە.

Absolute

ڕەها، ڕووت، پەتی، موتڵەق.

Absolute address

ناونیشانی ڕەها، ناونیشان نامێر.

Absolute error

هەڵەی تەواو.

A-bus

گوێزەرەوەی ناوەکی، گوێزەرەوەی گەیەنەری ناوەکی لە یەکەی ژماردن و لۆجیکدا (ALU).

Access

گەیاندن، گەیەنەر، گەیەنراوە، بەردەوام، کرداری بەدووادا گەڕانی وەستاندن، وەستان، بەئەنجام نەگەیشتن، وەستانی بەرنامەیە، پێش کۆتایی هاتن بەزانیاری وە هەنگاوەکان، بەهۆی ڕوودانی هەڵە و لەکارکەوتنەوە کە لەوکاتەدا ناتوانرێت هەڵەکان ڕاست بکرێتەوە و چاك بکرێت.

About

لەبارەی، دەربارەی، زانیاری ئامادەیە لەبارەی بەرنامەیەکەوە.

About Access

لەبارەی ئەکسێسەوە، دەربارەی ئەکسێس، زانیاری پێویست لەبارەی بەکارهێنانی بەرنامەی ئەکسێسەوە، کە بەکارهێنەر دەتوانێت سوودی لێوەربگرێت و بەهۆیەوە فێری بەکارهێنانی بەرنامەکە ببێت.

About excel

لەبارەی بەرنامەی ئێکسڵەوە، دەربارەی ئێکسڵ.

About windows

ڕێگەی گەیاندن و پەیوەندیکردن. تەکنیکێکە بۆ جوڵاندن و گواستنەوەی زانیاری لەنێوان بیری کۆمپیوتەر و یەکە لاوەکیەکان یان یارمەتی دەرەکان.

Accessory program

بەرنامەی پاشکۆ، لەبەرنامەی ئیشپێکەری سیستەمی کۆمپیوتەر، واتە ویندۆز، دا بەهەموو ئەو بەرنامە پاشکۆیانە دەوترێت کە لەگەڵ ویندۆزدا دادەبەزێت و بەکارهێنانی تایبەت و گرنگیان هەیە و کارئاسانی بۆ بەکارهێنەر دەکەن لەکاتی نەبوونی بەرنامەی پێشکەوتوودا.

Access time

کاتی گەیاندن.

Account

ژماردن، هەژمار، ئەژمارکردن، لەنەزمی تۆڕەکان و گەیاندنی ڕاستەوخۆدا، تۆمارێکە، کەناوی بەکارهێنەر و ژمارەی نهێنی یان ژمارەی داغڵبوونی تێدایە، لەگەڵ زانیارییەکانە، یان خوێندنەوەی و نووسینی لەسەریەکەی هەڵگرتن و پاراستن.

بەزۆری بۆ بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئەکسس (Microsoft Access) بەکاردێت و ئەم بەرنامەیەش بۆ دروستکردن و نەخشەسازی کردنی بنکەی زانیاری (Data base) بەکاردێت.

ئەو ووشەیە مانای جۆربەجۆری هەیە، وەکو پەیوەندی بە ئینتەرنێتەوە (Internet Access) یان بەمانای جۆری پەیوەندی و گەیاندن.

Access level

ئاستی گەیاندن.

Access line

هێڵی گەیاندن، هێڵی گەیاندن و پەیوەندی کردنی هەمیشەیی نێوان کۆمپیوتەر و لاکان.

Access method

مافی گەیاندن و پێکەوە بەستنی بۆ تۆڕی گەیاندنی ئاسایی یان ڕاستەخۆ.

Accounting

ژمێریاری.

Accounting machine

ئامێری ژمێریاری.

Accounting machine electrical (EAM)

ئامێری ژماردنی کارەبایی.

ACF (Advanced Communication Function)

کارو ئەرکی گەیاندنی پێشکەوتوو.

ACK

هێمای پەیام و نامەی وەرگرتن.

Action

کار، کردار، عەمەل.

Active

چالاك، کرداری، مەبەست لەوبەشە یان بەرنامەیەیە کە کاری پێدەکرێت لەوکاتەدا، بۆ نموونە کاتێك کلیل لەسەر دووگمەی (فایل – File) دەکەین لەبەرنامەی مایکرۆسۆفت ۆرد (Microsoft word) لیستی فایل دەکرێتەوە، واتە: چالاك Active دەبێت.

Active (running)

جێبەجێکردن.

Active area

ڕووبەری چالاك.

Active cell

خانەی چالاك لەوەرەقەی کاردا.

Active product

چالاککردنی بەکارهێنانی بەرنامە.

Active window

پەنجەرەی چالاك، ویندۆی چالاك، بەشێکی شاشەکەیە کە بەکارهێنەر کاری لەسەر دەکات و بەکاری دەهێنێت.

ACU (Automatic Calling Unit)

یەکەی پەیوەندی خۆیی.

A/D (A to D)

گۆڕەری ئەنەلۆگ بۆ ژمارەیی.

Add

Addition of matrix

کۆکردنەوەی ڕیزکراوەکان.

Addition of vectors

کۆکردنەوەی ئاراستەبڕەکان.

Addition sign

نیشانەی کۆکردنەوە (+).

Addition table

خشتەی کۆکردنەوە.

Add on

زیادکردن، خستنەسەر، خستنەپاڵ، سەربارکردن، پارچەیەکی بەرنامەیەك یان پارەچە ڕەقەکانە و زیاد دەکرێ و دەخرێتە پاڵ نەزمی کۆمپیوتەر (Computer system) بۆ زیادکردنی توانا و باشکردنی جێبەجێکردنی فەرمانەکان.

Address

ناونیشان، ناونیشانی پۆستی ئەلکترۆنی e-mail address، ناونیشانی ئای پی IP address، ناونیشانی ماڵپەڕی ئینتەرنێت کە بە URL ناودەبرێت.

Address bar

زیادکردن، خستنەپاڵ، بۆ زیادکردن.

Ad

کورتکراوەی ووشەی (advertisement)ە، کە ئینتەرنێتدا مانای (ئاگاداری) دێت، بەبڵاوکردنەوەکانی سەر ڕووی لاپەڕەکانی وێبیش دەوترێت، واتە: ڕیکلام و ئاگاداری و بڵاوکراوەکان، کەدەتوانرێت نوسین بێت، یان وێنە، وەکو بانەرێك (Banner) بەقەبارەی (460*80) یان قەبارە و شێوەی تر.

Add-in (Add-Ins)

زیادکردنی تایبەتمەندی، زیادکردن بۆ بەرنامەیەك، زیادکردن، خستنەپاڵ، بەرنامەی لاوەکی و بچوکە زیاد دەکرێت بۆ بەرنامەی گەورە و بنچینەیی.

Addition

کرداری کۆکردنەوە، کۆکردنەوە، خستنەسەر.

ماڵپەری ئەو شێوە شاردنەوە و داپۆشینەی سەرەوە بەم جۆرەیە:
www.atkearney.com

Adjust

ڕێککردن، چاککردن، ڕێککردنەوە.

Administrator

بەڕێوبەری بەرپرس، کەسێکی لێپرسراوە لە پێکهێنان و ڕێکخستن و چاککردنەوەی تۆڕی پەیوەندییەکان.

ADN (Advanced Digital Network)

تۆڕی ژمارەی پێشکەوتوو.

Adobe

ئەدۆب، کۆمپانیای ئەدۆب، کۆمپانیای پەرەپێدانی بەرنامەکان، لەناویاندا بەرنامەی ناسراوی پۆست سکریپت و ئەکرۆبات و هی تریش.

Adobe acrobat

ئەکرۆبات، بەرنامەی ئەکرۆبات، یەکێکە لەبەرنامە ناسراوەکانی کۆمپانیای ئەدۆب بۆ بەرهەم هێنانی بەرنامەکان و، لەبواری شریتی ناونیشان، بەشێکە لەزۆر بەرنامە و پەنجەرە window دا هەیە و سوودی لێوەردەگیرێت بۆ کارئاسانی بەکارهێنەر، وەکو لە (My computer) یان (Internet explorer)دا.

Address mask

داپۆشەری ناونیشان، شارەرەوەی ناونیشان، جۆرێکە لەبتەکان (Bits) و نرخی دووانیە و بەکاردێت بۆ شاردنەوەی بەشێکی ناونیشان، بەکارهێنانی ئەم جۆر و شێوەیە بەگشتی بۆ خوێندنەوەی تۆڕی پەیوەندییەکانە، یان بەشێك لەتۆڕی لاوەکی لەناو تۆڕی ئینتەرنێتدا، یان ناونیشانی پرۆتۆکۆلی ئینتەرنێت، کە لێرەدا ئەمەیان مەبەستی سەرەکییە، وەکو

207.37.253.203

بەکاردێت و بەرنامەیەکی وێنەیی بەیانی پێشکەوتووە.

Adobe Photoshop

بەرنامەیەکی تایبەتە بەبواری وێنە و وێنەسازی ونەخشەسازی و لەلایەن کۆمپانیای ئەدۆبەوە بەرهەم هاتووە.

ADP (automatic Data Processing)

چارەسەرکردنی زانیاری بەشێوەیەکی خۆکار (خۆیی).

ADP System

نەزمی چارەسەرکردنی زانیاری خۆیی.

ADR

کورتکراوەی (ناونیشان – Address)ە.

ADSL (asynchronous Digital subscriber Line)

پەیوەندی و گەیاندنی ئینتەرنێتیە لەجۆری برۆدباند (Broadband) کە بەبێ مەشخول بوونی هێڵی تەلەفۆن پەیوەندیەکی خێراو گونجاو تەکنەلۆژیای ئینتەرنێتدا سوودی زۆری لێوەردەگیرێت، بۆ گۆڕینی فایلە ئاساییەکان بۆ فایلی (PDF) کە کورتکراوەی (Portable Document File)ە و لەمبارەشدا کێشی فایلەکان کەم دەبێتەوە و لەتێکچوونی فۆنتیش دەپارێزێت.

Adobe acrobat reader

خوێنەرەوەی ئەکرۆبات، پیشاندەری فایلی ئەکرۆبات، بەرنامەیەکە بۆ کردنەوە و خوێندنەوەی فایلی ئەکرۆبات بەکاردێت.

Adobe illustrator

ئەدۆب ئلستڕەیتەر، بەرنامەیەکی ناسراوی کۆمپانیای ئەدۆبە و تایبەتە بەوێنەسازی کە لە وێنەسازی و نەخشەسازی و وێنەکێشی کۆمپیوتەریدا بەکاردێت و بەزۆری لەگەڵ کۆمپیوتەری ماکنتۆشدا

بەکارهێنەری کارامە و ڕاهاتوو و پێشکەوتوو.

Agenda

بەرنامەی ڕێکخستن، بەرنامەی ڕێککردن و چاککردن.

AGP (Accelerated Graphics Port)

پۆرتی (دەروازەی) هێڵکارییانەی خێراکەر، هێڵی گوێزەرەوەی گەیەنراوە لەنێوان هێڵکاری بەیانی و بری سەرەکی دا و فەرمانی ڕێپێدانی زانیارییەکانە بەگواستنەوەیەکی خێرایی زۆر بەبێ بەکارهێنانی بیری سەرەکی (Main Memory).

AI (Artificial Intelligence)

زیرەکی دەستکرد، مەبەست لەو بیرو و کردارانەیە کە داڕێژراوە بۆ ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی وەکو کۆمپیوتەر یان ڕۆبۆتەکان، بۆ ئەنجامدان و لاسایی کردنەوەی کارێکی دیاریکراو بەشێوەی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی مرۆڤ.

بەتۆڕی جیهانی ئینتەرنێتەوە بۆ بەکارهێنەران (user) دەستەبەر دەبێت، هێڵی بەشداربوونی ژمارەی نادڵنیا.

Advanced

پێشکەوتوو، لەبارەکانی پێشکەوتوودا، ڕیزککردن و ڕێکخستن و گۆڕانکارییە بەشێوەیەکی پێشکەوتوو.

Advanced digital network

تۆڕی ژمارەی پێشکەوتوو.

Advanced program-to-program communication

پەیوەندی و گەیاندنی پێشکەوتووی بەرنامە بۆ بەرنامە.

Advanced version

نووسخەی پێشکەوتوو، ئەوەی پێشکەوتوو، بەرنامەیەکە کە تایبەتمەندی و بەکارهێنانی ئاڵۆزی هەبێت تەنانەت بەلای

نامەی ئەلکترۆنی (E-mail)دا زوورەکانی چاتدا بەکاردێت، هەندێك جار ئەو ناوە خوازراوە دووبارە دەبێتەوە لە ئیمەیڵەکاندا، وەکو:

webmaster@-------.com

تەنها ناوی ماڵپەڕەکە، واتە: دووای ئەت ساین @ دەگۆڕێت.

Alias name

نـاوی خـوازراو، نـاوی جێگـرەوە (بەدیل).

Align

بەرامبەریـەك بـوون، نزیکـی، هاوسنووری، جووتبوونی دوو هێڵ.

Alignment

ڕیـز، ڕیزکـردن، ڕیزبـوون، ڕیزبەنـدی، ڕێکـی، لایـی، ئـەم ووشەیە بەزۆری لەگەڵ ووشەکانی (ڕاسـت – Right)و(چـەپ – Left) دا بـەکاردێت و لەنووسینە (لای ڕاسـت – Right alignment) و (لای چـەپ – Left alignment).

All

AL (Assembly Language)

زمانی ئەسیمبوولی.

Alert

ئاگـادار کردنـەوە، ووریاکـەرەوە، بەئاگاهێنەر، ئاگادارکەرەوە.

Alert-box

سـندوقی ووریاکـەرەوە، پەنجـەرەی بەئاگاهێنەر، زۆربەی کات لەکاتی بـەکارهێنانی ئینتەرنێتـدا دەردەکـەوێت و لەناویـدا دەنوسـرێت، (چـۆنی ... چـاوەڕێ بە) یان (تکایە چاوەڕێ بـە) یـان (تکایـە هەڵەیـەك هەیـە!) یـان (......).

Alias

ناوێکی تایبەتی و خوازراوە (نازناو) کە لەکۆمپیوتەر و ئینتەرنێتدا بەکارهێنەر بەکاری دەهێنێت، ناوی جێگرەوە و لەجیاتی ناوی خوازراوە دەکرێت بۆ کۆمەڵەیەك بەکاربێت یان بۆ تەنها کەسێك و بەزۆری لەدروست کردن و بەکارهێنانی

ماوەیەکی زۆرە خزمەتگوزاری گەڕان بەشێوەیەکی زۆر ورد و سەرکەوتوو پێشکەش بە بەکارهێنەران دەکات و زیاتر لە (150 - 200) ملیۆن لاپەڕەی لەخۆگرتوو و گرنگی تەواویشی داوە بە (USENET) و گرنگی داوە بەهەموو نەتەوە و زمانەکانی سەر ڕووی زەوی و ناونیشانەکەی بەم جۆرەیە:

www.altavista.com

## Alt key

دوگمەی ئاڵت، یەکێکە لەدووگمەکانی سەر ڕووی تەختە کلیل (keyboard) کە بەکاردێت بۆ ئەنجامدانی فرمانی تایبەتی لەکاتی جێبەجێکردنداو، بەگوێرەی بەرنامەکان بەکارهێنانەکان دەگۆڕێت.

## ALU (Arithmetic Logic Unit)

هەموو، ئەم وشەیە لەگەڵ زۆربەی وشەی دیکەدا بەکارهاتووە، وەکو (All program) کە مەبەست لەهەموو بەرنامەکانی ناو کۆمپیوتەرەکەیە، یان هەڵبژاردن و دیاری کردنی هەموو (select all).

## Allocation

کرداری دابەشکردن و گونجاندنە، دابینکردن، دابەش کردنی بەشێکی زانیارییەکان لەشوێنی خەزن کردنی دیاری کراودا.

## Allow

ڕێگەدان، هێشتن، هێڵان، ماوەدان، دەرکەوتن، ڕەچاوکردن.

## AltaVista

ئەڵتافیستا، سێرچی ئەڵتافیستا، بگەڕێ ئەڵتافیستا، ناوی یەکێك لەبگەڕ و سێرچە ناسراوەکانی جیهانی ئینتەرنێتە، کە کۆمپانیای کۆمپیوتەری لەکالیفۆرنیا دایمەزراندووە و

ئەمەش ناونیشانی ماڵپەڕەکەیەتی:

www.aol.com

American standard code for information interchanges (ASCII)

ئەزمی کۆدی ئەمریکی پێوانەی بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری (ئاسکی).

AML (A Manufacturing Language)

زمانی پیشەسازی.

Ammeter

ئەمیتەر، پێوەری تەزوو، ئامێرێکە بۆ پێوانەکردنی هێزی ووزەی کارەبا.

Ampere

ئەمپێر، تەزووپێو.

Amplifier

گەورەکەر، موکەبەرە.

Analog

ئەنەلۆگ، پێوانەیی.

Analog adder

کۆکەرەوەی پێوانەیی.

Analog channel

کەناڵی ئەنەلۆگ.

Analog computer

یەکەی ژماردن و ژیربێژی، یەکێکە لە بەش و پێکهاتەکانی یەکەی چارەسەرکردنی ناوەندی (CPU) کە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کردارە ژمێریارییەکان و بیرکارییەکان (کۆکردنەوە، لێکدان، دابەش کردن و لێدەرکردن) و ژیربێژی بەخستنەپاڵی کردارەکانی گواستنەوە و لابردن و کەمکردنەوە.

American national standards institute

پەیمانگای پێوانەیی نیشتمانی ئەمریکی.

American online

ئەمرکان ئۆن لاین، گەورەترین کۆمپانیای پێشکەشکردن و دابین کردنی خزمەتگوزاری پەیوەندییەکانە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت و بە (AOL) ناودەبرێت و کورتکراوەکەیەتی،

کۆمپیوتەری پێوانەیی (ئەنەلۆگی).

Analog data

زانیاری ئەنەلۆگی.

Analog device

ئامێری پێوانەیی.

Analog digital converter system

نەزمی گۆڕەری پێوانەیی ژمارەیی، نەزمێکە هەڵدەستێت بەگۆڕینی زانیاری لەنێوان کۆمپیوتەری پێوانەیی و ژمارەیی.

Analog network

تۆڕی ئەنەلۆگ، تۆڕی پێوانەیی.

Analog-to-digital conversion (ADC)

گۆڕینی پێوانەیی ژمارەیی، گۆڕینی نیشانە و هێماکان لەپێوانەییەوە بۆ زانیاری ژمارەیی.

Analyses, analyze

شیکردنەوە، لێکۆڵینەوە، یەکالاکردنەوە.

Analysis

شیتەڵکردن، شیتەڵکاری، شیتەڵ، شیکردنەوە.

Analysis graphics

وێنەی شیکاری، وێنەی شیکردنەوەیی.

Analyst

شیکەرەوە، شیتەڵکار، کەسێکی تایبەت بەکاری شیتەڵکاری و شیکردنەوە، وەکو شیتەڵکاری نەزم.

Anchor

خاڵی کار.

And, &

و، وشەیەك یان هێمایەکە کە بۆگەڕان بەدوای دوو وشەی نزیك لەیەکەوە سوودی لێوەردەگیرێت و ئەم وشەیان هێمایە دەبێت بەلێکدەری نێوان ئەو دوو وشەیە، هاوکات لەنێوان دوو وشەشدا بەکاردێت بۆ گرێدانی ئەو دوو وشەیە پێکەوە بۆ نموونە:

Kurd & Kurdistan

(aso, asan, dava, hemn and dero)

AND circuit

سوڕی (و)

AND element

عونسری (واو)ی لۆجیکی.

AND gate

گەیتی (و)، دەروازەی (واو)ی ژێربێژی، دەروازەی (و) مەشقی

AND operation

کرداری (و)ی ژێربێژی، کرداری (واو)ی مەشقی.

Angstrom

ئەنگستڕۆم، یەکەی ئەنگستڕۆم، یەکەی پێوانەکردنی درێژی شەپۆلە.

Animated GIF

وێنەی (جی ئای ئێف)، وێنەی جولاو، زنجیرەیەکە لە وێنە بەشێوەی (GIF) پیشان دەدرێت بەشێوەی دوابەدوای یەك لەهەمان شوێندا بۆ پێدانی جووڵە بەوێنەکان.

Animation

ئەنیمەیشن، جولاو، وێنەی جولاو، کرداری دروست کردنی وێنەی جولاوە لەتەنەکانەوە بەڕێگەی پیشاندانی خێرا بۆ زنجیرەیەك وێنە، هەموو وێنەکان گۆڕانێکی بچووك بەجێدەهێنن لەئەنجامدانی دروست کردنەکەدا و شێوازی بەکارهێنان لەدروست کردنی وێنەی جولاودا بەهۆی بەرنامە تایبەتەکانی کۆمپیوتەرەوە دەبێت.

Annotation

سەرنج، تێبینی.

Annotation symbol

هێمای تەعلیق، هێمای سەرنج و تێبینی.

Anonymous

بێناو، ناسنامەی نادیار، داغڵبوون و چوونەوە ژوورەوەیە بۆ سیستەمێك بەبێ ئەندامێتی لەو سیستەمەدا، بۆ نموونە بەسوود وەرگرتن لەناوی ئەندامێك لەماڵپەڕێکی ئینتەرنێتدا بەبێ ئەنجامدانی Login.

زانیارییەکان و زیانیان پێبگەیەنێت.

AOL (America On Line)

ئەمریکا ئۆن لاین، ئەمریکای ڕاستەوخۆ، کۆمپانیای ئینتەرنێتە

API (Application Programming Interface)

ڕوکاری پرۆگرامسازی جێبەجێکردن.

APL

ئەی پی ئێڵ، زمانێکی بەرنامەسازیە.

Apple

بەرنامەی بچووك، جێبەجێکردنی بچووك.

Apple II

ئەپڵ 2، ئەزمێکی (سیستەمێکی) کۆمپیوتەری وورد و بڵاوە لەناو خەڵکیدا، کەلەلایەن (ئەپڵ کۆمپیوتەر)ەوە دروست کراوە.

Appearance

دەرکەوتن، هاتنەڕوو، ڕوو، ڕووخسار.

Apple desktop bus

Anti aliasing

تەکنیکێکە بەکاردێت بۆ کەمرکردنەوەی زبری و تیژیی چوکڵەدار کاتێك دەردەکەوێت لەسەر سوڕەکان، یان چەماوەکان، یان چاپکراوەکان.

Anti spam

دژەجاسوسی، تەکنەلۆژیای دژەجاسوسی، ئەم تەکەنەلۆژیایە بەرنامەی وەکو دژەڤایرۆسی وەهایە و دژی ئەو فایل و نێردراوانەی کە بۆمەبەستی جاسوسی بەکارهاتوون.

Anti virus program/software

بەرنامەی دژەڤایرۆس، دژەڤایرۆس، بەرنامەیەکە گرنگیەکەی لەوەدایە بەدوای ڤایرۆسدا دەگەڕێت لەئامێری کۆمپیوتەردا و پاشان تێکی دەشکێنێ پێش ئەوەی بتوانێت کاربکاتە سەر فایل و

گـوێزەرەوەی ئـەپڵی ڕوومێـزی (دیسکتۆپی).

Apple file exchange

بەرنامـەی ئـەپڵ بـۆ ئـاڵوگۆڕی فایلەکان.

Apple key

کلیلی ئەپڵ.

Applet

بەرنامـەی بـچووکە، کـە بەسـوود وەرگـــرتن لـــەزمانی بەرنامـــە نووسی جافا بەرهەم دێت.

Application

جێبـــەجێکردن، بەرنامـــەکانی جێبـــەجێکردن لەکۆمپیوتـــەردا، ئەزمێکی تایبەتییە، یان بەشێکی چارەســـــەرکەرە بـــــەهۆی کۆمپیوتەرەوە، وەکو: (ژمێریـاری – چارەسـەر کـردن و چـاککردنی مووچـە، داواکـاری، ...)، هـەروەها بەرنامـــەکانی جێبـــەجێکردنی وەکـو (FTP, E-mail, Client, Gopher, Telnet, ...)

Application, scientific

جێبـــــەجێکردنی زانـــــستی، بەکارهێنانی کۆمپیوتەرە لە شیکار کردنی بوارە زانستیەکاندا.

Application software

بەرنامەکانی جێبەجێکردن.

Application system

ئەزمی جێبەجێکاری.

Application windows

پەنجەرەی جێبەجێکردن.

Apply

جێبـەجێکردن، بەسـەرداگونجاندن، بـەزۆری بەشـێوەی دووگەمـەیەك دەردەکـەوێت بـۆ جێبـەجێکردنی ئەو کـارەی ئـەنجامی دەدەیـن پـێش ئـەوەی (ok) بکـەین، بۆئـەوەی بـزانین کارەکـەمان بەدڵـە یـان نـا، بـــەڵام لەهەنـــدێك شوێنیـــشدا ڕاستەوخۆ کارەکە جێبەجێدەبێت بـێ ئـەوەی پـێش (ok) کـردن ئەنجامەکەی ببینین.

APPN

تۆڕی پێشکەوتووی (پێـر – تـوو – پێر).

Archive site

ماڵپەڕی ئەرشیفی.

Archive storage

کۆگـەی خـەزنکراوەکان، شـازی هەڵگیراوەکان.

Arithmetic address

ناونیشانی ژمێرەیی، ناونیشانی حسابی.

Arithmetic, binary

ژمێرەیی دووانی، حسابی دووانی.

Arithmetic logic unit (ALU)

یەکەی ژمێرەیی ژیربێژی، بەشێکە لەیەکەی چارەسەر کردنی ناوەندی (c.p.u) کۆمپیوتـەر، کـە هەڵدەستێت بەئەنجامدانی کردارە ژمێرەییـەکان و کـردارە ژیربێژییـەکان و کـردارە هاوبەشەکانی ژمێرەیی و ژیربێژی.

Arithmetic operation

کـردارە ژمێرەییـەکان، کـرداری حـسابی، وەکـو: (کۆکردنـەوە، لێدەرکردن، دابەشکردن، لێکدان)

Arithmetic operator

Arabic numeral, common

ژمـارەی عـەرەبی بـاو، (9،.....،1،2،3)

Architecture

ئارکیتێـچکە – زانـستی نەخـشە، نەخـشەسازی، تەلارسـازی، تەلارسـازی کۆمپیوتـەر، نەخـشەسازی کۆمپیوتـەرە بـۆ مەبەسـتی گەیانـدن و ئەنجامـدانی ئامانجـە دیاریکراوەکـان، وەکـو (خێرایـی چارەسـەرکردن، حـەجمی یـاد (میمۆری)، توانـای جێبـەجێکردن و چارەسەرکردن).

Archive

ئەرشـیف، هـەڵگرتن، هـەڵگیراوەکان، ماڵپـەڕێك یـان ناوەنـدێکی هەڵگرتن و پاراستنی زانیارییەکانـە، گواسـتنەوەی زانیـاری لەناوەنـدی خـەزنکراوی چالاکەوە بۆلای هەڵگیراوەکان.

Archived file

فایلی ئەرشیف.

هێما و نیشانەکانی ژماردن، نیشانەکانی ژمێرەیی

Symbol meaning

\+ Addition
کۆکردنەوە

\- subtraction لێدەرکردن

* Multiplication
لێکدان

/ Division دابەشکردن

Arithmetic unit

یەکەی ژمێرەیی، یەکەی ژماردن، یەکەی حسابی.

ARPA

ئاژانسی پرۆژەیی لێکۆڵینەوەی پێشکەوتوو (لەئەمریکا).

ARPANET

تۆڕی (ARPA).

Array

ڕیزکراو، ڕیزبەند، زنجیرەیەك پێکهاتەی ڕیزکراوە و پێکەوەییە، کۆمەڵێك ژمارەی ڕێکخراو و ڕیزکراو بەپێی نەزمی تایبەتی، وەکو خشتەیەك، ڕیزکراوەکان،

5 7 5 3 2
1 9 2 4 1
5 3 4 8 6

array →

Arrow

تیر، سەهم.

Arrow key

دووگمەی تیر، کلیلی تیر، دووگمەی سەهم، چوار دووگمەن لەسەر ڕووی تەختە کلیل (keyboard) و بەکاردێت بۆ جوڵاندنی هێمای ماوسەکە(1)، یان گواستنەوەی بەشی چالاکی بۆ بەشێکی تر، واتە: گواستنەوەی چالاکێتی لەنێوان بەشەکاندا.

Arrow pointer

هێمای ماوس، سەهمێکی بچووکە لەسەر ڕووی شاشەکە و دەتوانرێت بەهۆی ئامێری ماوسەکەوە بجوڵێنرێت.

Article

وتار.

Artificial intelligence

زیرەکی دەستکرد.

ئینتەرنێتەوە (web server)،
زمانی بەرنامە نووسی تایبەت بە ئینتەرنێتە.

ASP (application Service Provider)

دابینکەری خزمەتگوزاری جێبەجێکردن، بەرنامەی ASP، کۆمپانیای ASP.

A static

ناجێگیر.

Asteric

ئەستێرە، هێمای ⋆ لەسەر ڕووی تەختە کلیل keyboard.

AT (Advanced Technology)

تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو.

AT @

هێمای @ کە دەبێتە جیاکەرەوەی نێوان ناوی بەکارهێنەری ئیمەیڵ و ناوی دووەم ك ناوی ماڵپەڕێکە یان ناوی خواستراوی گشتییە، بۆ نموونە:

webmaster@hemn.info

ASCII (American Standard Code for Information Interchange)

نەزمی کۆدی ئەمریکی پێوانەی بۆ ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان، ئاسکی، ئەم کۆدە پێوانەییە بۆ دابینکردن و دڵنیاکردنەوەی گونجاند لەنێوان جیاوازییەکانی جۆرەکانی ئامێری چارەسەر کردنی زانیارییەکان و ئامێری پەیوەندی هێڵکارییانە سوودی لێوەردەگیرێت.

Assembly language

زمانی ئەسیمبلی.

Assistant

یارمەتیدەر، هاریکار.

Asp (Active Server Page)

لاپەڕەی خزمەتگوزاری ئەلکترۆنی چالاك.، لاپەڕەی تۆڕی ئینتەرنێت web page.
دروست دەکرێت بەهۆی خزمەتگوزاری تۆڕی

hemnymala@yahoo.com
dr.hemnbarznji@yahoo.com

ATA (Advanced Technology Attachment)

ئامێری پاشكۆی تەكنەلۆژیای پێشكەوتوو، هاوپێچی تەكنەلۆژیای پێشكەوتوو، تەنگترین ڕێڕەوی زانیاری و لایەنی ئاڵوگۆڕی زانیارییە بۆ هارد-دیسك HDD.

Atari 800

ئەتاری 800

AT bus

گوێزەرەوەی AT.

AT Command Set

كۆمەڵە فرمانی AT، كۆمەڵە كاری AT.

A To Z, Z To A

ڕیزكردن لە A بۆ Z، ڕیزكردن لە Z بۆ A، ڕیزكردن لە بچووكەوە بۆ گەورە، ڕیزكردن لەگەورەوە بۆ بچووك.

Attach

پێوەبەستن، گرێدان پێوەی، پێوەنووسان، پێوەلكان، هاوپێچ.

Attachment, attached file

بەهاوپێچ ناردنی فایلێك یان چەند فایلێك دەگوترێت، كە لەلایەن بەكارهێنەری ئینتەرنێتەوە دەنێردرێت، بەهۆی ئیمەیڵەوە، و فایلەكە وەكو خۆی بەساغی و تەواوی بەو كەسە دەگات كەبۆی دەنێرین و ئەویش دەبێ داونلۆدی بكات و بیكاتەوە، یان هەڵیبگرێت (save)، وە دەتوانێت پیشانی بدات preview بەڵام لەهەندێ باردا گرفتی بۆ دەسازێت.

AU (Arithmetic Unit)

یەكەی ژمێرەیی، یەكەی ژماردن، یەكەی حسابی.

.au (.audio UNIX)

فایلی دەنگی بۆسیستەمەكانی یونیكس UNIX.

Audio

دەنگی، بیستنی.

Audio board, audio card.

كارتی دەنگ.

**Audio device**

ئامێری دەنگی، ئامێری بیستنی.

**Auto answer**

وەڵامی خۆیی، وەڵامی خودکار، وەڵامدانەوەی ئالی.

**Auto CAD**

وێنەسازی یان نەخشەسازی بەهۆی کۆمپیوتەرەوە، ئۆتۆکاد، بەرنامەیەکی وێنەکێشی و هێڵکارییانەی ئەندازیارییە بۆ کێشانی دوو دووری یان سێ دووری، کەلەلایەن کۆمپانیای (Autodesk) بەرهەم هێنراوە و دروست کراوە و لەکاری بیناسازی و نەخشەسازیدا سوودی لێوەردەگیرێت.

**Auto correct**

ڕاستکردنەوەی خۆیی، ڕاستکردنەوەی خودکاری.

**Auto filter**

فلتەری خۆیی، فلتەری خودکاری، هەڵبژاردنی خۆیی بۆ زانیارییەکان.

**Auto fit**

ڕێکخستنی خۆیی.

**Auto format**

ڕێکخستنی خۆیی.

**Auto hide**

شاردنەوەی خۆیی، شاردنەوەی ئۆتۆماتیکی.

**Automatic**

ئۆتۆماتیکی، خودکار، خۆکار، ئامێرکار.

**Automatic data processing system**

نەزمی چارەسەر کردنی زانیارییەکان بەشێوەیەکی خۆکار.

**Automatic dictionary**

فەرهەنگی ئۆتۆماتیکی، فەرهەنگی خۆکار، فەرهەنگی دیجیتاڵیە کە لەسەر ئامێری کۆمپیوتەر یان ئامێری دیکە دادەبەزێنرێت بۆ مەبەستی وەرگێڕان لەنێوان زمانەکاندا.

**Automatic exchange**

ئاڵوگۆڕی ئۆتۆماتیکی.

**Automatic message**

پەیامی ئۆتۆماتیکی، نامەی خۆیی.

Auto stop

وەستانی خۆیی، وەستانە لەکردارەکانی چاودێری و رێکخستندا لە ئەنجامی بوونی هەڵەیەکدا.

Automatic switchover

گۆڕینی خۆیی، گۆڕین بۆ ئامێرێکی یارمەتیدەر لەکاتی وەستانی ئامێری سەرەکیدا.

Automatic teaching

فێرکاری ئۆتۆماتیکی.

Automation

مرۆڤی ئالی، رۆبۆت.

Auto play

ئیش پێکردنی خۆیی، لێدانی خۆیی، کارپێکردنی خۆیی، بۆ کارپێکردن و لێدانی ڕاستەوخۆی فایلە دەنگی و دەنگی و ڕەنگییەکان و .... بەکاردێت.

Auto polling

گواستنەوەی خودکاری.

Auto restart

دووبارە کار کردنەوەی خودکاری.

Auto saves

سەیفکردنی خۆیی، هەڵگرتن و پاراستنی خۆیی، بەکرداری شاراکردن و هەڵگرتن وپاراستنی خودکاری زانیارییەکان دەوترێت لەئامێری کۆمپیوتەردا، کە یەکێکە لەتایبەتمەندییە گرنگەکانی هەندێك لەبەرنامەکان.

A/ux

نەزمی کارپێکردنی ئەی یو ئێکس، نەزمی ئیش پێکردنی aux.

Aux

دووەمی یارمەتیدەر، ناوی ئامێری زیربێژییە بۆ ئامێری یارمەتیدەر.

Auxiliary device

لەکۆمپیوتەردا، بەئامێر یان هۆکاری یاریدەدەری دەوترێت، بۆ نموونە ئامێری یاریدەدەری دەنگی.

Auxiliary memory

بیری یارمەتیدەر، یادی یارمەتیدەر، یەکەکانی شاراکردنی یارمەتیدەر بۆ یادی کۆمپیوتەر، وەکو دیسکەکان و شریتی موگناتیسی.

Avatar

لەبەرنامەکانی وێنەگری و لاپەڕەی وێبدا دابنرێت.

AVL tree

دەرخستنی گەڕان یان پشکنینی زانیارییەکان.

AWK

زمانی بەرنامە نووسی، زمانی پرۆگرامسازی، زمانی بەرنامەسازی.

AZERTY keyboard

کیبۆردی AZERTY، تەختەکلیلی AZERTY.

وێنەی تەشکیلی، بەوێنەکردنی شێوەیەك یان حاڵەتێکی دیاریکراو دەگوترێت، جا بەشێوەی وێنەیەکی سادە و ئاسایی بێت، یان وێنەی جوڵاو، کە بەزۆری لەماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت و ژوورەکانی گفتوگۆی ئینتەرنێت (chat)دا بەکاردێت.

AVC

گەیاندنی بیستنی بینینی.

Average

معەدەل.تێکڕا

AVI, avi audio/video interleaved, audio/visual interface

یەکێکە لەڕێکخستنەکان و فۆرماتەکانی مایکرۆسۆفت کە گونجاوە بۆ سەیف کردن و هەلگرتن و پاراستنی گرتەی دیجیتاڵی ڤیدیۆی کە دیقە و چاکێتی بەرزی دەنگ و ڕەنگی هەیە و دەتوانرێت ئەم فایلانە

# B

Binary

باینەری

Bit

بت

Byte

بایت

Baud

باود

Babbage, Charles

چارلز باباش، یەکێکە لەزانایان و داهێنەرانی بواری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و کۆمپیوتەر.

Back

گەڕانەوە بۆ هەنگاوی پێشتر، دواوە، گەڕانەوە بۆ هەنگاو و کار و شێوەی پێشوو، بەشێوەی دووگمەیەك لە زۆر دایەلۆگ بۆکس و پەنجەرە و بەرنامەی کۆمپیوتەردا دەبینرێت.

Backbone network

تۆڕی بنچینەیی، گرێیەکی بنچینەییە بۆ ڕی هێڵە ئاست جیاوازە دابەش بووەکان کە خزمەتگوزاری پەیوەندی بۆ پاشماوەی تۆڕەکە پێشکەش دەکات.

Backbone ring

عەلقەی بنچینەیی، هەلقەی بنچینەیی.

Back button

دووگمەی بۆ دواوە، بەرەو دواوە، بەکلیك کردن لەسەر ئەم دووگمەیە بەشی چالاك دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەشەی کە

ڕەنگی پشتەوە.

Background communication

گەیاندن و پەیوەندییەکان لەباکگراوەندیدا.

Background image

وێنەی پشتەوە.

Backing file

لەبەرگرتنەوە و کۆپیکردنی فایلی بنچینەیی و ئەسڵییە بۆئەوەی لەکاتی پێویستدا سوودی لێوەربگرێت، بەتایبەتی لە کاتی تێکشکان و خراپبوونی ئەو فایلەی کاری لەسەر دەکەین.

Backing storage

بیرو یادی یارمەتیدەر، شارای یارمەتیدەر، ئامێری شاراکردن و خەزنکردنە جگە لەئامێری شاراکردن و خەزنکردنی سەرەکی و بنچینەیی.

Back light

ڕووناکی پشتەوەیی.

Backlit display

پێشتر چالاك بووە و کراوەتەوە، جا لەئینتەرنێت ئێکسپلۆرەر دابێت، یان لەویندۆزدا، یان لە هەر بەرنامەیەکی تردا.

Back door

دەرگای پشتەوە، هۆکارێکە بۆ بەدەست هێنانی توانای داغڵبوون و چوونە ژوورەوە بۆ ناو بەرنامە یان ئەزم system بەبێ بوونی چاودێر و بەتێپەڕاندنی باری ئاسایشی security.

Background

باکگراوەند، ناوچەی پشتەوە، ڕەنگ یان وێنە و گرافیکە کە سوودی لێوەردەگیرێت و دەخرێتە پشت نووسین یان وێنەی ترەوە، لەسەر ڕووی لاپەڕەی ئینتەرنێت یان لەسەر شاشە، یان وێنەی ئاسایی.

Background activity

چالاکی پشتەوەی، چالاکیتی باکگراوەندی.

Background color

دیکە بەکارهێنانی دیکەی هەبێت.

**Backspace key**

دووگمە و کلیلی باکسپەیس، بڕوانە .backspace

**Backup**

پارمەتیدەر، جێگرەوە، یەدەگ، پشتگیری کردن، زاراوەیەکی گشتیە دەگەڕێتەوە بۆ نوسخەی زانیاری و بەرنامەیەکی گونجاوە بۆئەوەی بەکاربهێنرێت ئەگەر پێویست بوو، یان ڕێگەی بەدیلی یەکە بەکاردەهێنرێت لەکاتی پێویستدا.

**Backup and restore**

نوسخەی یەدەگ و گێڕانەوەی، کرداری لەبەرگرتنەوەی فایلەکان و هەلگرتنیانە بەشێوەی یەدەگ، بۆ ئەوەی بەکار بهێنرێنەوە ئەگەر پێویست بوو.

**Backup path**

ڕێڕەوی یەدەگی، لەتۆڕی عەلقەییدا ڕێڕەوی یەدەگی یان جێگرەوەییە بۆ هێماکان لەتۆڕی پەیوەندییەکاندا.

**Backup computer**

شاشەیە کە لەجۆری (یەکەی پیشاندانی کریستالی شل) کە ڕووناکی پشتەوە بەکاردەهێنێت بۆ چاککردن و ڕوونکردنەوە (ڕۆشنکردنەوە)ی شاشە.

**Back out**

پەشیمان بوونەوە، کشانەوە، گێڕانەوەی فایلە بۆ بارو شێوەی بنچینەیی و سەرتایی پێش جێبەجێکردنی گۆڕانکاری تیایدا.

**Backslash**

باکس لاش، هێمایەکە بەرامبەر ژمارە (92) لەئاسکی کۆددا، هێمای \. بۆ جیاکردنەوەی دوو وشەی لەیەکتر بەکاردێت و بەکارهێنانی دیکەشی هەیە.

**Backspace**

گەڕانەوە بەبڕی یەك بۆشایی، بۆ سڕینەوەی ئەو بۆشاییەی یان ئەو پیتەی دەکەوێتە بەردەم هێمای (I) ماوسەکەوە بەکاردێت، و دەگونجێت بەگوێرەی بەرنامەی

لەچرکەیەکدا، یان یەکەی هێرتز)، فراوانی گورزە بۆ کەناڵی پەیوەندی.

Bank

بانك، بانق.

Bank, data

بانکی زانیارییەکان.

Banner

بانەر، ئاگاداری و ڕیکلامی بازرگانی لەسەر لاپەڕە و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت کە بەشێوەیەکی گشتی و باو لاکێشەی درێژە و کەمتر چوارگۆشەییە و زۆرجار بەشێوەی وێنەی جوڵاوە و بەردەوام دووبارە دەبێتەوە و ئەم ئەنیمەیشنانە بەزۆری (460*60) یان (120*90) پیکسڵن، نموونەی تری ڕیکلامی بازرگانی بۆ کاروباری فرۆشتنە ناونیسان، نامە و پەیام یان ئاگا نامە یان ئاگاداری و وێنەیە، کە لەسەر لاپەڕەی وێب پیشان دەدرێت.

Base

کۆمپیوتەری یەدەگ.

Backup copy

نوسخەی زیادە.

Back-up system

نەزمی یەدەگی.

B address

ناونیشانی پێڕست.

BAL (Basic System Language)

زمانی ئەسیمبووڵی بنچینەیی.

Balance

باڵانس، هاوتاستی، بەرابەری.

BAM (Basic Access Method)

ڕێگەی گەیاندنی بنچینەیی.

B AND-NOT A gat

دەروازەی (و – نا) ژێربێژی.

Band width

پانایی باند، پیشاندانی سنوور و ناوچە، ماوەی تەرەدوودە دابینکراوەکانە بۆ ناردنی هێماکان (سیگناڵ)، جیاوازی نێوان تەرەدوودەکان لەسنوور و ناوچەدا (پێوانەدەکرێت بەژمارەی سووڕەکان

Base notation

هێمای بنچینەیی، سەرنج و تێبینی بنچینەیی، بۆ نموونە کاتێک دەنوسین 101110(2) ئەوا مانای وایە (2) بنچینەیە و (101110) ژماری دووانییە (binary).

Base RAM

یادگەی RAMی بنچینەیی.

BASIC

زمانی بەیسك، زمانێکی بەرنامەنووسی و بەرنامەسازی سادەیە کە لەساڵی (1964) لەلایەن زانایان Kurtz و Kemeny داهێنرا.

بەیسك کورتکراوەی ئەم ووشانەیە:

Beginners All purpose Symbolic Instruction code.

Basic access method

ڕێگەی گەیاندنی بنچینەیی.

Basic FORTRAN

زمانی فۆرترانی بنچینەیی.

Basic Input/Output

بنکە، بنچینە، بەزۆری لەگەڵ نیزامەکاندا بەکاردێت، بۆ نموونە لە نیزامی دووانی (Binary system)دا، دەڵێین بنچینەکەی base دووە، وە هەروەها بۆ نیزامەکانی تریش بەهەمان شێوە.

Base address

ناونیشانی سەرەکی.

Base data

بنکەی زانیاری.

Base font

خەتی بنچینەیی و سەرەکی، فۆنتی بنچینەیی.

Base language

زمانی بنچینەیی، زمانی ئەسیمبلی assembly language.

Base line

هێڵی بنچینەیی، دێڕی بنچینەیی.

Base memory

یادگەی بنچینەیی، بیری بنچینەیی، یادی بنچینەیی.

ڕێگـەی گەیانـدن بـە پەیوەنـدی بنچینەیی لە دوورەوە.

Batch

بـڕ/کۆمەڵـە، کۆمـەڵێك دۆکۆمێنـت یـان فایلـە، بـۆ چارەسـەرکردنی کۆمەڵێك لەیەك کاتدا بەکاردێت.

Batch file

فایـل بـەفۆڕماتی bat.، فایلێکـە زنجیرەیەك زانیاری و ڕوونکردنەوە و فرمان لەخۆ دەگرێت.

Baud

بۆد، یەکەی پێوانـەکردنی خێرایی سـیگناڵە، ژمـارەی هێماکانـە (سـیگناڵەکان)، لەچـرکەیەکدا، یەکـەم جـار (جـین مـۆریس بـاودۆت)ی ئەنـدازیاری فەرەنسـی ئەم وشەیەی بۆ خێرا گواستنەوەی سیگناڵەکان تەلەگراف بەکارهێنا.

B bus

گـوێزەرەوەی پێرسـت، پێرسـت، گوێزەرەوەی فەهرەست.

BCC (Blind Carbon Copy)

نـەزمی داغڵکـردن/وەرگرتنـەوەی بنچینەیی.

Basic interpreter

وەرگێڕی بەرنامەی بەیسك.

Basic language

زمـانی بەیـسك، زمـانێکی بەرنامەسازی سوك و ئاسانە.

Basic machine

ئـامێری بنـچینەیی، کۆمپیوتـەرێکی بـچووکە و بـۆ چارەسـەر کردنـی زانیارییـەکان بەکاردێت.

Basic operation system (BOS)

نـەزمی کـارپێکردنی بنـچینەیی، سیـستەمی ئـیش پێکردنـی بنچینەیی، جۆرێکە لە جۆرەکانی نەزمی کارپێکردن.

Basic-plus

بەیسك کۆ (+).

Basic telecommunication access method (BTAM)

Benchmark

بەرنامەی هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوە، مەرجەعی بەراورد کردن.

Beta

بێتا، تاقیکاری، ناکۆتایی، بەرنامە یان ئامێرێکی نوێیە و بەم قۆناغە (بێتا) دەست پێدەکات پێش ئەوەی بڵاو بکرێتەوە و بکەوێتە بەردەست بەکارهێنەر بەشێوەیەکی کۆتایی، بۆئەوەی سەرنج و تێبینی لەبارەیەوە دەربڕدرێت و پاشان دەستکاری دەکرێت بەگوێرەی سەرنجەکان و وێنە و شێوە و ئەوەی کۆتای بڵاو دەکرێتەوە.

Beta site

ماڵپەڕی بێتا، ماڵپەڕی تاقیکاری.

Beta software

بەرنامەی بێتا، بڕوانە: بێتا beta.

Beta testing

هەڵسەنگاندنی بێتا.

Beta version

ئەوەی بێتا.

Bible

دانەی بلایند، ناردنی وێنەی فایلێکە بۆ کۆمەڵێك کەس لە پۆستی ئەلکترۆنیەوە لەیەك کاتدا، بڕوانە cc.

BCD (Binary Coded Decimal)

کۆدی دەیی دوانی.

BCO (Binary Coded Octal)

کۆدی هەشتی دوانی.

BCPL

زمانی پرۆگرامسازی ئاست بەرز.

BCS (British Computer Society)

کۆمەڵەی کۆمپیوتەری بەریتانی.

BDAM (Basic Direct Access Method)

ڕێگەی گەیاندنی ڕاستەوخۆی بنچینەیی.

Before

لەپێش، لەبەردەم.

Behind

لەدواوە، لەپشتەوە.

Below

ژێرەوە، لەژێرەوە، لەخوارەوە.

هێمــای ســەرەتای زانیارییــەکان، هێمای دەستپێکردنی زانیارییەکان.

Binary

دووانی، دووانەیی، نەزمی ژمارەییە و بــەکارهێنانی دوو ژمــارە (0,0) وەکو بناغە وایە، بەڵام لەنیزامی دەیــدا بــەکارهێنانی ژمــارە (10) وەکو بنچینە و بناغە وایە، نەزمی دووانــی تــەنها پێویــستی بــە دوو ژمارە هەیە، کە ئەوانیش (0,1)ە، بۆ نواندنی ژمارەکان.

Binary addition

کۆکردنەوەی دووانی.

Binary bit

بتــی دووانــی، خانــەی دووانــی، بچووکترین یەکەی ژماردنی دووانی کە نرخی (سفر) یان (یەکە).

Binary Boolean operation

کرداری بوولینی دووانی.

Binary card

کارتی دووانی.

Binary cell

خانەی دووانی.

لەزاراوەی کۆمپیوتـەردا کتێبێکـە تــەواوی زانیارییــەکانی نــاوی تایبەتە بەبوارێکی تایبەت

Bidirectional bus

ڕێگـەی گەیانــدنی دوو ئاڕاســتە، ڕێگەی جووت ئاڕاستە.

Bidirectional operation

کرداری دوو ئاڕاستە، کاری جووت ئاڕاســتە، کارێــك بــەدوو ئاڕاســتە ئەنجام بدرێت.

Bit

بت، ژمارە دووانی.

Billi

هەزار ملیۆن، $10^9$

Billibit

هــەزار ملیــۆن ژمــارەی دووانــی، بلیۆن، کیلۆ مێگابایت.

Billicycle

کیلۆ مێگا سوڕ، بلیۆن سوڕ.

Billing

گــەڕان بــۆ بنکــەی زانیــاری .search for database

BIM

Binary code

کۆدی دووانی.

Binary counter

ژمێرەری دووانی.

Binary device

ئامێری دووانی، ئامێرێکە کە دەتوانێت دوو مەرج تۆمار بکات، یان دوو شێوە مەرج ئەنجام بدات، وەکو سویچ کە دوو باری هەیە ئەوانیش on یان off.

لەزانستی کۆمپیوتەردا، مانای ئەم زاراوەیە ئامێرێکە کە زانیارییەکان تۆمار دەکات بەشێوەی دووانی یان زانیارییە بە کۆد کراوەکان دەخوێنێتەوە بەشێوە و ڕێگەی دووانی.

Binary digit (bit)

ژمارەی دووانی، لەوانەیە سفر (0) یان یەك (1) بێت و ئەم ژمارەیە بەکاردێت لەنەزمی ژماردنی دووانیدا.

Binary division

دابەشکردنی دووانی، دابەش کردنی ژمارەی نەزمی دووانی، بەم شێوەیە:

سفر/1= سفر

1/1 = یەك.

Binary file

فایلی دووانی.

Binary image

وێنەی دووانی.

Binary logic

لۆجیکی نەزمی دووانی، ژیربێژی نەزمی دووانی.

Binary multiplication

لێکدانی نەزمی دووانی، لێکدانی ژمارەی دووانیە بەم شێوەیە:

0 = 0 * 0

0 = 0 * 1

0 = 1 * 0

1 = 1 * 1

Binary number

ژمارەی دووانی، ژمارەی نووسراوە بەنەزمی دووانی (binary system) بە بەکارهێنانی

ژمارەیەکی دیاریکراو لە ژمارەی سفر (0) و یەك (1).

Binary number system

نەزمی ژمارەیی دووانی.

Binary operation

کرداری دووانی.

Binary point

خاڵی دووانی، جیاکەرەوەی دووانی.

Binary subtraction

لێدەرکردنی دووانی، لێدەرکردن لەنەزمی ژمارەیی دووانیدا، لەم شێوەیە:

0 = 0 – 0

1 = 0 – 1

0 = 1 – 1

1 = 1 – 0

Binary-to-decimal conversion

گۆڕینی ژمارەیی نەزمی دووانی بۆ نەزمی دەیی.

Binary-to-gray code conversion

گۆڕینی ژمارەیی دووانی بۆ گرەی کۆد.

Binary-to-hexadecimal conversion

گۆڕینی ژمارەی نەزمی دووانی بۆ ژمارەی نەزمی شانزەیی.

Binary-to-octal conversion

گۆڕینی ژمارەی نەزمی دووانی بۆ هەشتی.

Binary transfer

گواستنەوەی دووانی.

Binary tree

درەختی دووانی.

Binary unit

یەکەی دووانی، ژمارەی دووانی (بت).

BIOS (Basic Input/Output System)

نەزمی داغڵکردن/وەرگرتنەوە (چوونەدەر)ی بنچینەیی، نەزمی نەسبە لەسەر ڕووی مەزەبۆرد (motherboard) کە پەیوەندی نێوان پارچە جیاوازەکانی

کۆمپیوتەر بەڕێدەکات و ڕێک دەخات.

BIS

نەزمی زانیاری بازرگانی (Business Information System)

Bit

بت، ژمارەی دووانی، ترپە، لێدان، هێما، کورتکراوەیەکە بۆ ژمارە دووانییەکان کە سفر و یەکە (0,1) و بچووکترین یەکەیە.

Bit, 32

32 بت.

Bite

کۆمەڵێك یان زنجیرەیەك بت.

Bit error rate

ڕێژەی هەڵەی بتەکان.

Bit location

شوێنی بت.

Bit manipulation

چارەسەرکردنی بتەکان.

Bitmap-or-bit map

بتماپ، نەخشەی بت، فایلی وێنەی پێکهاتوو لە پیکسڵە ڕەنگیەکان.

Bit matrix

ڕیزکراوی بت.

Bit measurement

یەکەکانی بت، یەکەی پێوانەکردنی بت، پێوانەکردنی بتەکان.

1 kilobit = 1024 bits
1 kilobit per second = (1024) 1000 bits per second
1 MB (megabit) = 1000kb/1048576 bit
1 MbPs (megabit per second) = 1 megabit per second
1000000 bit per second

Bit processing

چارەسەر ژمارەی دووانی.

Bit rate

ڕێژەی بتەکان.

Bit serial

زنجیرەی بتەکان.

BIZ

وەکو پاشگری ماڵپەڕەکان (.biz) بەکاردێت و بەمانای بازرگانی دێت، جۆرێکە لەکۆمەڵە هەواڵیەکان کە گفتوگۆی بازرگانی

و بواری کارکردنی تیادا ئەنجام دەدرێت.

Blackboard

تەختەڕەش.

Blank

بەتاڵ، شوێنێکە هیچ هێمایەکی تیادا تۆمار نەکرابێت، ناوچەی بەتاڵی زاکیرە، کە هیچ زانیارییەکی تێدا نەبێ، بۆش، هیچ تیانەبوو.

Blank card

کارتی بەتاڵ.

Blank cell

خاڵەی بەتاڵ، خانەی بەتاڵ لەخشتەیەکدا.

Black column

ڕیزەخانەی شاولی بەتاڵ.

Blank data base

بنکەی زانیاری بەتاڵ Empty .database

Blank delete

سڕمرەوەی بۆشاییەکان، سڕەرەوەی بەتاڵەکان.

Blank document

بەلگەنامەی بەتاڵ، فایلێکی سپی بەرنامەکانی کۆمپیوتەرە و هیچ زانیارییەکی تیا نەنوسراوە و هیچی تیا نیە.

Blank form

فۆرمی بەتاڵ، ئیستیمارەی خاڵی.

BLISS

بلیس، زمانی بەرنامەسازی بۆ نووسینی نەزمی کارپێکردن.

Blog (weblog)

وێبلۆگ، بلۆگ، ژۆرناڵ یان دەفتەری بیرەوەری و یاداشتی تایبەتیە لە ئینتەرنێتدا، بەکرداری دروستکردن و بڵاوکردنەوەی زانیاری تیایدا دەوترێت blogging وە بەخاوەن وێبلاگیش دەوترێت وێبلاگ نووس .blogger

Blur

ناڕوون، ناڕۆشن، خەیاڵی.

BMP

بی ئێم پی، جۆرێکی فۆرماتی وێنەییە.

Board

مەلزەمە، 8 لاپەڕە یان 16 لاپەڕە یان ....

Booklet

نامیلکە، پەرتوکی بچووك، کتێبی وردەڵە

Bookmark

هێمای سەرچاوە، پەرتووك نیشانەکەر، هێمای ڕوونکردنەوە و نیشانەکردنە لەشوێنێکی دیاریکراوی دۆکۆمێنتێکدا دادەنرێت، بۆ بەکارهێنەر، بۆئەوەی بچێتەوە هەمان شوێن، تۆمارکردنی ناونیشانی ماڵپەڕی ئینتەرنێت لەلیستی حەز و هیوایەت دا، تا بەئاسانی و بەخێرایی بیدۆزینەوە و بیکەینەوە.

Bookmark file

فایلی هێمای سەرچاوە، فایلێکی تایبەتە بەناونیشانە خوازراوەکانی ئینتەرنێت بۆ ئاسانی بەکارهێنان.

Boolean

بۆرد، لەوحە، تەختە.

Body

جسم.

Bold

پیتی ڕەشی گەورە، تۆخ و دیار کە بەئاسانی دەخوێندرێتەوە و لەنووسینەکانی تر جیا دەکرێتەوە.

Bold face

پیتی ڕەش یان گەورە، بەسود وەرگرتن لەم دووگمەیە لەبەرنامەکانی چارەسەر کردنی وۆرد word processing دا دەتوانین پیتەکانی وشەکان ڕەش یان گەورە بکەین.

Bomb

بۆمب، قومبەلە.

Book

پەرتوك، کتێب، شوێن گرتن (حیجزکردن)، بەشێکی گەورە لە یادگەی کۆمپیوتەر.

Book fold, favorite, hot list

بووت، دەستکردن بەئیش، دەستپێکردنی ئیش، ئامادەکردنی نەزمی کۆمپیوتەر بۆ کارپێکردن لەرێگەی بارکردنی نەزمی کارپێکردنەوە.

Bootable

توانای دووبارە کارپێکردنەوە، توانای دەست پێکردنی ئیش، فایلە پێویستیەکانی نەزمە بۆ دووبارە دابەزاندن و کارپێکردنەوەی کۆمپیوتەر.

Boot drive

بزوێنەری کارپێکردن.

Boot protocol

پرۆتۆکۆلی بووت.

BOP

پرۆتۆکۆل (بنکە بۆ ناردنی زانیارییەکان)، پشت دەبەستێت بەژمارەی دووانی.

Border

سنوور، بووت بەسنوور، چوارچێوە، ئیتار.

Borland

بولینی، بوولینی دەگەڕێتەوە بۆلای زانای بیرکاری بەریتانی جۆرج بول (1815 – 1864ز)، بارەکانی یاسای جەبری بوولینی تایبەتە بەیاساکانی ژیربێژی هێمای و مامەڵەکردنی مەنتیقی.

Boolean add

کۆکردنەوەی بولی.

Boolean algebra

جەبری بوولی.

Boolean operation

کاری بولینی، کرداری بولینی، نیشپێکەری بولینی، وشە یان نیشانەیەکە یارمەتی بەکارهێنەر دەدات تا وردتر و باشتر بگەڕێت و سێرچ بکات، ناسراوترین وشە و نیشانەکانیش ئەمانەن (OB, and, not &,…)

Boolean search

گەڕانی بوولینی، گەڕان لەناو فایلە دیاریکراوەکانی بنکەی زانیارییدا بەبەکارهێنانی کرداری بوولینی.

Boot

BPS (bit per second, byte per second)

دووانـــــی لەچـــــرکەیەکدا، بـــــت لەچرکەیەکدا، بایت لەچرکەیەکدا.

BRA (Basic rate access)

ڕێژەی گەیاندنی بنچینەیی.

Branch

لق، فەرع.

Break

جیاکەرەوە، جیاکردنـەوە، وەسـتان، وەستاندن.

Bridge

پرد، ئامێرکە بۆ بەیەکگەیاندنی نێوان دوو تۆڕ کە هەردووکیان هەمان پرۆتۆکۆل بەکاردەهێنن لەبەرئەوە دەتوانرێت زانیارییەکان تێبپەرێت لەیەکەمەوە بۆ ئەوانیتر.

ئامێرکــە گەیانــدن و بەیەکــەوە بەستنی نێوان دوو تۆری ناوچەییە کـــە هـــەمان پرۆتۆکـــۆل یـــان پرۆتۆکۆلی جیاواز بەکاردەهێنن.

Broadband

بۆرلانــد، کۆمپانیایــەکی بــواری سۆفتوێرە.

B or-not A gate

دەروازەی (یـان – نـا)ی ژیربێـژی (لۆژیکی).

Borrow

خواستن.

BOS (Basic Operation System)

نـەزمی کـارپێکردنی بنـچینەیی، سیستەمی ئیشپێکردنی بناغەیی.

BOT (Beginning Of Tape)

سەرەتایی شریت، یەکەم شریت.

Both-way

دوو ئاراستە، جووت ئاراستە.

Bound

ئاســت، بــەرزترین ئاســت یــان نزمترین نرخی دیاریکراو.

Box

سندوق.

BPI (bit per inch, bytes per inch)

لیستی پەیوەندیدار بەخۆت، لیستی ئەو ماڵپەڕانەیە کە بەکارهێنەر هەڵی گرتوون و خستوونیە بەشی (favorite) لە بگەری (browser) وێبدا، هیوایەت، حەز.

FDOS (Floppy Disk Operating System)

نەزمی کارپێکردنی فلۆپی دیسك.

Field

کێڵگەی زانیارییەکان.

File

فایل، زانیاری کۆکراوەی ڕێکخراوە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، هەر فایلێك لەناوێك و پاشگرێك پێکهاتووە، بۆ نموونە ئەگەر فایلێکی بەرنامەی مایکرۆسۆفت ۆرد بەناوی خۆمانەوە خەزن بکەین، ئەوا دەبینین لەدوو بەش پێکدێت و بەشی یەکەم ناوی خۆتە (Hemn) و بەشی دووەم پاشگری فایلەکەیە (.doc) و ناوەکە بەم جۆرە دەردەکەوێت.

Hemn.doc

File conversion

گۆڕین و گواستنەوەی فایلەکان.

File label

ناونیشانی فایل، کارتی فایل.

File logical

فایلی ژیربێژی.

File name

ناوی فایل، ئەو ناوەیە کە دایدەنێین بۆ فایلێك لەکاتی دروست کردنیدا یان لەکاتی خەزن کردن یان لەکاتی گۆڕینی ناوێك بەناوێکی تر.

File section

بەشی فایلەکان.

File security

ئاسایشی فایل، سەلامەتی فایل.

File separator

جیاکەرەوەی فایلەکان.

File size

قەبارە و حەجمی فایل.

File transfer

گواستنەوەی فایل، گواستنەوەی فایل لەئامێرێکی کۆمپیوتەرەوە بۆ ئامێرێکی تر لەتۆڕی پەیوەندییەکاندا.

File type

جۆری فایل، دەتوانرێت فایلەکان بەچەندین فۆرمات و جۆری تایبەت خەزن بکرێت و هەڵبگیرێت، کە بەگوێرەی جۆری بەرنامەکان جۆری فایلەکانیش دەگۆڕێت، وەکو (وەیف، دۆکیومێنت، جەی پی جەی، بی ئێم پی، ...)

File updating

نوێکردنـــــــەوەی فایـــــــل، تازەکردنەوەی فایل.

Film frame

چوارچێوەی فیلم.

Find

دۆزینەوە، گەڕان بۆ ...

Finish

تـەواو بـوون، کۆتـایی پێهـاتن، تـەواو بـوون، دووای هـەنگاوی دابەزاندنی بەرنامە یان کارێکی هەنگاو بەهەنگاو.

First level address

ناونیـشانی ڕاسـتەوخۆ لەئاسـتی یەکەم.

F key

کلیلـــەکانی ئێـــف، کلیلـــی فرمانەکانی ئێف.

Flog

ئاڵا، هێما، نیشانە.

Floppy disk

فلۆپی، دیـسکی نـەرم، دیـسکێکی موگناتیسییە کە دەورە دراوە بـە چـــینێکی موگناتیـــسی بـــۆ هەڵگرتن و پاراستنی زانیارییەکان بـەکار دەهـات و بـەزۆری لەگـەڵ ئـامێری کۆمپیوتـەری بـچووکدا سوودی لێوەردەگیرا.

Floppy disk controller

کۆنترۆڵەری فلۆپی دیسك.

Floppy disk driver

کارپێکـەری (بزوێنـەری) دیـسکی نەرم.

Floppy disk driver
Floppy disk operating system (FDOS)

نەزمی کارپێکردنی دیسکی نەرم.

Floppy disk tracks

تراکەکانی دیسکی نەرم.

Floppy disk unit

یەکەی دیسکی نەرم.

Fluid

شل.

Folder

فۆڵدەر، وەکو جانتایـەك وایـە بـۆ هـەڵگرتنی یـان لـەناودانانی فایـل بەکاردێت، بۆ مەبەستی کارئاسانی

Format

فۆرمات، جۆرە جیاوازەکانی زانیارییە لە هەرفایلێکدا، بۆ نموونە (VHS, UHS,...) فۆرماتی ڤیدیۆییە، واتە جۆری جیاوازی فایلی ڤیدیۆییە کە دەتوانرێت بگۆڕدرێن بەیەك و ئاڵوگۆڕ لەنێوانیاندا بکرێت، بێگوومان بەسەدان فۆرماتی جیاواز لە جیهانی کۆمپیوتەردا دەکەوێتە بەرچاو، ئەم فۆرماتانەش بەگوێرەی جۆری بەرنامەکان دەگۆڕێت، وەکو فۆرماتەکانی (نوسین، دەنگ، وێنە، وێنەی جوڵاو).

هاوکات بەکرداری فۆرماتکردنیش دەوترێت کە ئامادەسازی دیسکە بۆ کۆپی و دابەزاندنی زانیاری نوێ لەسەری، کە لەم کاتەدا هەموو فایلە کۆنەکان پاك دەکرێنەوە و لادەبرێن.

Format bar

و جیاکردنەوەی جۆری فایلە تایبەتەکان لەیەکتری.

Font

فۆنت، خەت.

Font color

ڕەنگی نووسین، ڕەنگی خەت.

Font editor

بەرنامەیەکی خزمەتگوزارییە کە بەکارهێنەر دەتوانێت بەهۆیەوە فۆنتی ئەو دەقە بگۆڕێت کە نووسیویەتی یان دەقێکی نوێ بنووسێت یان هەر گۆڕانێك بکات کە خۆی بیەوێت.

Font family

خێزانی فۆنت، خێزانی خەت.

Font number

ژمارەی فۆنت.

Font size

حەجمی فۆنت، قەبارەی فۆنت.

Footer

فوتەر، ئەو ناونیشانەیە کە لەکۆتایی لاپەڕەکاندا دەینوسین.

Form

فۆرم.

Frames

چوارچێوەکان.

Free mail

ئیمەیلی بەلاش و بێبەرامبەر، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری نامەی ئەلکترۆنیە لەلایەن هەندێك ماڵپەڕەوە بێبەرامبەر و بەلاش.

Free software

بەرنامەی بەلاش و بێبەرامبەر.

Free space

ناوچەیەکی بەتاڵ، بەشی ماوە و بەکارنەهاتووی میمۆریەك.

Freeware

بەرنامەی بەلاش و بێبەرامبەر.

Frequency

تەرەدوود.دووبارە بوونەوە.

From

لە، لەنامی لەکترۆنن و زۆر بەرنامە و شوێنی دیکەشدا بەکاردێت و بەمانانی (لە)یە، کاتێك دەبینی دەنوسرێت (from) واتە: ئەو ئیمەیلە لەو شریتی ئامرازەکانی ڕێکخستن و گونجاندن.

Format painter

ئامرازێکە (فلچە) بەکاردێت بۆ گواستنەوەی تەنسیق و تایبەتمەندی نووسین و دەقێك بۆ نووسین و دەقێکی تر.

Formula

شێواز، هاوکێشە بیرکارییەکان.

FORTRAN

فۆرتران، زمانی فۆرتران، بەرنامەی فۆرتران.

Forward

پێشەوە، سەرەتا، بۆپێشەوە، بۆ سەرەتا.

FPD (Full Page Display)

پیشاندانی لاپەڕە بەتەواوی و پڕاوپڕی.

Frame

چوارچێوە، دابەشکردنی ڕووی لاپەڕەی وێب کە لە دوو یان چەند پارچەی سەربەخۆی (HTML) پێك دێت.

کەسەوە هاتووە کە زانیاری لەبارەیەوە نووسراوە.

Font page

فرۆنت پەیج، یەکێك بوو لەبەرنامە سادە و ساکارەکانی نەخشەسازی ماڵپەڕی ئنتەرنێتی، کە لەکۆمەڵەی (office) بوو، کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بەرهەمی هێنابوو.

FTP (File Transfer Protocol)

پرۆتۆکۆلی گواستنەوەی زانیارییەکان.

Full duplex

دووانەی ناردن و وەرگرتنەوە (پێشوازی)، ناردن و وەرگرتنەوەی زانیارییە لەیەك کەناڵەوە یان چەند کەناڵێکەوە لەیەك کاتدا.

Full keyboard

تەختە کلیلی تەواو.

Full name

ناوی تەواو.

Full path

ڕێڕەوی تەواو.

Full screen

پڕاوپڕی شاشە، پیشاندان بەپڕاوپڕی شاشە.

Function key

فەنکشن کیز، بەدووگمە وکلیلەکانی سەر ڕووی تەختە کلیل (کیبۆرد) دەوترێت، کە بەگوێرەی بەرنامەکان کار و فرمانی تایبەتی ئەنجام دەدەن، بەمانای دووگمەی فرمانەکان دێت و ئەم دووگمانە بەدووگمەی ئێفەکان (F) ناسراون، کە بە (F1) دەست پێدەکات و بە (F12) کۆتایی دێت.

# G

G Giga

گێگا.

Game

یاری.

Games

یارییەکان.

Gap

ماوەیەکی بچووك و نزیك یان ماوەیەکی کاتی کەم.

Gate

دەرگا، دەروازە.

GB, gb (gigabyte)

گێگابایت، لە 1024 مێگابایت پێك هاتووە و بە (یەك گێگا بایت) ناودەهێنرێت و بەزۆری بە (1000 مێگا بایت) دەنووسرێت، بەلاّم ڕاستەقینە و تەواوی (1024)ە.

Gbps (Gigabyte per Second)

گێگابایت لەچرکەیەکدا.

General

گشتی.

GIF (Geographic Interchange format)

جۆری ئالوگۆڕ و ڕێکخستنی بەیانی، جۆرێکە بۆهەلگرتن و پاراستنی فایلە بەیانییەکان بەکاردێت بۆ گواستنەوەی وێنە لەسەر ئینتەرنێت و لەساڵی 1980ز دا داهێنێرا، بەزۆری سوود وەدەگیرێت لەم فۆرماتانە بۆ وێنەی جولاّوەکانی لاپەڕەی ئینتەرنێت.

Giga

گێگا، پارچەی یەکەم مەبەست یەك بلیۆنە، لەهەڵگرتن و پاراستنی زانیارییەکاندا هێمایە بۆ ($2^{30}$).

Giga byte

گێگابایت.

GIS (Graphic Information system)

نەزمی زانیارییە جوگرافیەکان.

Global address

ناونیشانی گشتی.

Google

گوگڵ، یەکێکە لەبەهێزترین و بەتواناترین مۆتۆڕەکانی گەڕان لەجیهانی ئنتەرنێتدا و هەندێ کە خزمەتگوزاری دیکەی وەکو (چات، دروستکردنی سایت، وێبلۆگ،...) پێشکەش بە بەکارهێنەرانی دەکات، ئەمەش ناونیشانی ماڵپەڕی گەڕانی گۆگڵە:

www.google.com

Go to

بڕۆ بۆ ....، گواستنەوەی هێمای ماوسەکەیە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.

Grammar

ڕێزمان.

Graph

وێنە، هێڵکاری، پلاندانان.

Graphic

وێنە و نەخشە.

Graphic image

وێنە، هێڵکاری، هێڵکار.

Grid line

هێڵی شێوە شەبەکەیی.

Group

گروپ، گروە، کۆمەڵە، کۆمەڵەبوون.

Grouping

بەگروپ کردن، بەگرووهکردن، بەکۆمەڵکردن.

GSM

نەزمی تەواو بۆ پەیوەندییەکانی مۆبایل.

GUI (Graphic User Interface

ڕووکاری بەکارهێنەری هێڵکاری بەیانی.

Guru

پسپۆڕی تەنکەلۆژیا، پسپۆڕی تەکنیکی، کەسێکی، کەخاوەنی شارەزاییەکی فراوانە لەبواری تەکنەلۆژیادا.

# H

## Hack

هاك، چەتەی ئینتەرنێتی، کاری چوونە ناو ماڵپەڕی کەسی بەرامبەر، یان سێرڤەری هێڵەکانی مۆبایل، یان ....، بەبێ ئاگاداری کەسی بەرامبەر بەمەبەستی تێکدان و دەست بەسەراگرتنی زانیارییەکان.

## Hacker

هاکەرز، کەسێکە کەبتوانێت ئاسایشی سیستەمی کۆمپیوتەر بشکێنێ و زانیارییەکانی وەدەست بخات.

## Half-duplex

کەناڵەکانی زانیاری یەك لایی، هێڵەکانی گەیاندن کە بەکاردێت بۆ گواستنەوەی لەئاراستەیەکی دیاریکراوە و لەکاتێکی دیاریکراودا، پاشان گواستنەوەی هێماکانی دیکە لەئاراستەی پێچەوانەوە و لەکاتێکی تردا، ناردنی سەربەخۆ، پێچەوانەی دووانی.

## Halt

وەستان.

## Hand-held computer

کۆمپیوتەری دەستی، کۆمپیوتەرێکی بچووك کە بەئاسانی هەڵبگیرێت و بەپاتری کاردەکات.

## Hand shake

جۆرێکی پرۆتۆکۆلە بۆ دابینکردنی پەیوەندی نێوان دوو کۆمپیوتەر، ئاڵوگۆڕی زانیاری لەنێوان ئامێری نێرەر و وەرگر، ئاڵوگۆڕی زنجیرەیەك هێما و نیشانەی دەست بەسەراگرتنە لەنێوان دوو ئامێردا، بۆ بەردەوامی و مانەوەی پەیوەندی نێوانیان.

## Hanging

هەڵواسین.

## Hang-up

وەستانی کتوپڕی، وەستانی چاوەڕواننەکراو.

Hard

ڕەق.

Hard card

کارتی ڕەق.

Hard copy

نوسخەی چاپکراو، دانەی چاپکراو.

Hard disk

دیسکی موگناتیسی ڕەق، یەکێکە لەهۆکارەکانی خەزن کردنی زانیاری

Hard disk drive (HDD)

بزوێنەری هارد، جوڵێنەری هارد، دیسکی موگناتیسی ڕەق کە لەناوەوەی یان دەرەوەی کەیس case دادەنرێت و یەکێکە لەهۆیەکانی هەڵگرتن و پاراستنی زانیاری بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

Hardware

ئامێرەکان، پارچە ڕەقەکان، پێکهاتەکانی کۆمپیوتەری کەسی و یەکەکانی و بەشەکانی دەگرێتەوە، وەکو: (شاشە Monitor و تەختەکلیل keyboard و چاپکەر printer و مشك Mouse و کارتی گرافیك VGA، کەیس و پێکهاتەکانی ناوی)

Hardware, common

پێکهاتە گشتییەکانی کۆمپیوتەر.

Hardware failer

دروست بوونی گرفت و خەلەل لەپارچە ڕەقەکان و ئامێرەکان.

Hayes command set

کۆمەڵە فرمانی هێز.

HD (High Density)

چڕی بەرز.

HDBMS

نەزمی بەڕێوەبردنی بنکەی زانیاری هەرەمی.

HDF

فۆرماتی زانیاری هەرەمی.

Head

سەر، ئامێرێکە هەڵدەستێت بەخوێندنەوە یان تۆمارکردن لەسەر ناوەندی خەزنکردنی موگناتیسی وەکو دیسك یان شریت یان ...

Header

Help key

بەرنامەی پارمەتی، کلیلی پارمەتی.

Hertz

هێرتز، یەکەی لەرەلەر.

Hex

شانزەیی، بڕوانە .Hexadecimal

Hexadecimal cod

کۆی شانزەیی.

Hexadecimal digit

ژمارەی شانزەیی، ژمارەی نەزمی شانزەیی لەبواری ژیربێژیدا لە ژمارە (0 – 9) و (A تا F).

Hexadecimal numbering system

نەزمی ژمارەیی شانزەیی.

HF

کورتکراوەی: تەرەددودی بەرز .high frequency

HFS (Hierarchical file system)

نەزمی فایلی هەرەمی.

Hidden

شاردراوە، شاراوە.

Hidden file

هێدەر، ناونیشان، سەری لاپەڕە، سەری پەیام، بەشێکە لە سەرەتای نامە و پەیام و کتێب و ... دا و زانیارییە پێویستەکان لەخۆ دەگرێت، وەکو لەنامەی ئەلکترۆنیدا (ناو، بەروار، نێرەر، بۆنێرراو، ..) یان لەنامیلکە کتێب و پەیامەکاندا.

Heading

ناونیشان، ناونیشانی نامە و پەیام، ناونیشانی ڕاپۆرت.

Head sink

حەوزمی گەرمی، ئامێرێکە گرنگی بە هەڵمژینی گەرمی وسارد کردنەوەی گەرمی پەیدابوو لەپێکهاتە کارەباییەکانی وەکو سورە تەواوەکان دەدات و ڕێگری لەبەرز بوونەوەی پلەی گەرمی دەکات بەمەش ئەو زیانانەی بەهۆی پلەی گەری بەرزەوە دروست دەبن نامێنن.

Help

یارمەتی، پارمەتیدان.

Help and support

پارمەتی و پشتگیری و پشتیوان.

کلیلی هۆم، دووگمەی هۆم لەسەر ڕووی تەختەکلیل.

Home page

ماڵەوە، لاپەڕەی ماڵەوە، یەکەمین لاپەڕەی هەر ماڵپەڕێکی ئینتەرنێتی، لاپەڕەی سەرەتا، لاپەڕەی سەرەکی ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتە و تیایدا بەش و بابەت گرێدراوە (لینککراوە) بەکلیك کردن لەسەریان چالاك دەبن و دەردەکەون و دەچنە ناو ئەو بەشانەوە.

Horizontal

ئاسۆیی.

Horizontal display

پیشاندانی ئاسۆیی.

Host

هۆست، کۆمپیوتەری سەرەکییە لەنەزمی کۆمپیوتەرەکان، یان تێرمیناڵەکانی گەیاندن بەلینکەکانی پەیوەندییەکان.

Hotmail

هۆت مەیڵ، ماڵپەڕێکی ناسراوی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتە و یەکێکە لەو ماڵپەڕانەی کەخزمەتگوزاری ئیمەیڵ بەبێ بەرامبەر و

فایلی شاردراوە.

Hide

شاردنەوە، نادیار.

Hierarchical computer network

تۆڕی کۆمپیوتەری هەرەمی.

Hierarchical database

بنکەی زانیاری هەرەمی.

Hierarchical database management system

نەزمی بەڕێوەبردنی بنکەی زانیاری هەرەمی.

High density tape

شریتی چڕی بەرز.

High level language

زمانی بەرنامەنووسی ئاست بەرز.

Histogram

هستۆگرام، هێڵکاری.

Home

سەرەتا، لاپەڕەی سەرەتا، ماڵەوە.

Home directory

پێڕستی بنچینەیی، پێڕستی سەرەکی.

Home key

Human-machine interface

ڕووکاری نێوان مرۆڤ و ئامێر.

Hyperlink

هایپەرلینك، لینك، پەیوەندکردن و گرێدان، سەروپەیوەند، بەبوونی پەیوەندییەکانی نێوان لاپەڕەکانی وێب یان بەرنامەکان دەوترێت.

Hyphen

هێمای (-).

Hz hertz

هێرتز، یەکەی زەبرە، ژمارەی خولەکان لە چرکەیەکدا.

بەخۆڕایی پێشکەش دەکات و بەمەش ژمارەیەکی زۆر بەشداربووی هەیە، ئەمەش ناونیشانی ماڵپەڕەکەیە:

www.hotmail.com

HP (Hewlett Packard)

ئێچ پی، کۆمپانیایەکی گەورەی کۆمپیوتەری کالیفۆڕنیایە کە کۆمپیوتەری ئەلکترۆنی تەواو ئامێرەکانی دیکەی وەکو پرنتەر و سکانەر و .... بەرهەم دەهێنێت.

HPC

کۆمپیوتەری کەسی دەستی، کۆمپیوتەری کەسییە کە بەدەست هەڵدەگیرێت.

HTTP (Hyper Text Transfer Protocol)

پرۆتۆکۆلی گواستنەوەی دەق، پرۆتۆکۆلێکی خزمەتگوزارییە و بەکاردێت بۆگەیاندنی زانیارییەکان لەتۆڕی وێبدا.

Hub

هەب، گەیەنی ناوەندی.

# I

IAD

جۆرێکە لەجۆرەکانی شاشەی پیشاندانی تەلەفزیۆن.

IAL (Internal Algebraic Language)

زمانی جەبری جیهانی.

IAS (Immediate Access Store)

یادگەی گەیاندنی خێرا.

IBM (International Business Machines)

کۆمپانیای ئای بی ئێم، یەکێکە لە کۆمپانیا ناسراو لەمێژینەییەکانی کۆمپیوتەر.

کۆمپانیایەکی جیهانییە بۆ بەرهەم هێنان و دروست کردنی کۆمپیوتەر.

IBM PC

کۆمپیوتەری کەسی ئای بی ئێم.

IBM PC/IT

کۆمپیوتەری کەسی لەجۆری .PC/XT

IC (Integrated Circuit)

سوڕی تەواو.

ICC (International Computation Center)

ناوەندی چارەسەرکردنی نێودەوڵەتییە کە سەرپەرشتی دەکرێت لەلایەن یونسکۆوە لەرۆما.

ICIP (international Conference on Information)

کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆچارەسەر کردنی زانیارییەکان.

Icon

ئایکۆن، هێما، ڕەمز، وێنەیەکی بچووکە لەشێوەی دووگمەیەکدا کە

بەکلیك کردن لەسەری یان بەدووانە کلیك، بەرنامە گرێدراو پەیوەندپێیەوە دەکرێتەوە.
هێمایەکی وێنەییە لەسەر شاشەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر دەردەکەوێت لەکاتی جێبەجێکردن و کارکردن لەسەر بەرنامەکان یان ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا، وەکو ئایکۆنەکانی (My computer, My document,...)، لەسەر ڕووی شاشە Desktop.

IDSL

هێڵی بەشداربوونی ژمارەی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت.

Ignore

ئیهمال کردن، فەرامۆشکردن.

Illegal

ناشەرعی، نایاسایی، ناقانوونی.

Image

وێنە، سورە.

Image editor

پیشاندانی وێنە.

IMAP (Internet Message Access protocol)

پرۆتۆکۆلی گەیاندن بۆ نامە و پەیمانی ئینتەرنێت.

IMS (Information management system)

سیستەمی (نەزمی) بەڕێوەبردنی زانیارییەکان.

Inactive

ناچالاك.

Inactive window

فایلی ناچالاك.

Inbox

پەنجەرەی ناچالاك.

Index

ئینبۆکس، سندوقی ناوەوە، قوتوی ناوەوە، لەئیمەیڵ و نامەی ئەلکترۆنیدا، ئەو نامانە لەخۆ دەگرێت کە هاتووە بۆ خاوەن ئیمەیڵ.

Index address

ناونیشانی پێرستی.

INET

ئینتەرنێت، کورتکراوەی ووشەی ئینتەرنێتە.

Infection

تووشبوونی کۆمپیوتەرە بەڤایرۆس و ترۆجان و جۆرەکانی دیکە ڤایرۆس و بەرنامە زیان بەخشەکان کە زیان بەئامێرەکە دەگەیەنن.

INFO (information management)

نەزمی زانیارییە گشتییەکان Information .Management system

Info

زانیارییەکان، کورتکراوەی ووشەی information، وەکو پاشگری ئەو ماڵپەڕانەی تایبەتی بەزانیارییەکان بەکاردێت.

Informatics

زانستی زانیارییەکان.

Information

زانیارییەکان.

Information channel

کەناڵی زانیارییەکان.

Information management

بەڕێوەبردنی زانیارییەکان.

Information message

نامەی زانیارییەکان، پەیامی زانیارییەکان.

Information processing

چارەسەرکردنی زانیارییەکان.

Information science

زانستی زانیارییەکان.

Information systems

سیستەمی (نەزمی) زانیارییەکان.

Information technology

تەکنەلۆژیای زانیارییەکان.

Information transmission

نەزمی (سیستەمی) گەیاندنی زانیارییەکان.

Ink – Jet

پرژاندنی مرەکەب (حبر)، حبری ئامێری چاپکەر.

Ink-Jet printer

پرنتەری مەرەکەب پرژێن، چاپکەری پرژاندنی حبر، جۆرێکی

ئامێری چاپکردنە کە کاردەکات بەبێ لێخشاندن، لەڕێگەی پرژاندنی مرەکەب لەسەر لاپەڕەکان کاری چاپکردن ئەنجام دەدات.

Input

داغڵکردن، زانیاری پێویستە کە داغڵدەکرێت بۆ بیری ناوەکی کۆمپیوتەر لەڕێگەی ئامێرەکانی وەکو (کارت، شریت، دیسك)ەوە، ئەو ئامێرانەیە کە بەکاردێن بۆ داغڵکردنی زانیاری وەکو (خوێنەرەوەی کارت card reader، ئیشپێکەری شریت tape reader).

Invalid

نائازاد، نامەسموح.

I/O input/output

داغڵکردن/وەرگرتنەوە (دەرهێنان)ی زانیاری لەکۆمپیوتەردا.

IP address (Internet Protocol Process)

ناونیشانی پرۆتۆکۆلی ئینتەرنێت، ئای پی ئەدرێس، ژمارەیەکە، کە لەچوار بەش پێکهاتووە و تایبەتە بەکۆمپیوتەری تۆڕەکان.

IRC (Internet relay Chart)

خزمەتگوزاری گفتوگۆیە لەنێوان کەسە جیاوازەکانی بەکارهێنەری چاتدا، بەشێوەی ڕاستەوخۆ و لەهەمان کاتدا.

ISDN (Integrated Service Digital Network)

تۆڕی ژمارەیی بۆ خزمەتگوزاری تەواو، تۆڕی پەیوەندی ژمارەیی فراوانی سەرەتاییە لەخزمەتگوزاری تەلەفۆنیدا.

ISP (Internet Service Provider)

دابینکەری خزمەتگوزاری ئینتەرنێت، دامەزراو کۆمپانیای تایبەتیە کە هەڵدەستێت بەدابینکردنی خزمەتگوزاری

گەیانـدنی تـۆڕ بـۆ کەسـەکان و ڕێکخراوەکان و ناوەندەکانیتر.

IT (Information Technology)

تەکنەلۆژیای زانیارییەکان.

Italic

لار.

Item

دانە، شت، پێکهاتە.

I-way (Information Superhighway)

ڕێگەی زانیاری خێرا.

کەسانیتر بەئاسانی تێی نەگەن جەگە لەکەسانی ئەو بوارە.

Java

جاڤا، زمانی بەرنامەنووسی جاڤا، زمانێکی بەرنامەسازی بالآیە کەزیاتر پەرەی پێدراوە لەلایەن کۆمپانیای سەن مایکرۆسیستەمەوە.

Java script

زمانی جاڤا سکریپت.

Job

کار، ئیش.

Job control

چاودێری کار.

Joystick

جۆستیك، جۆرێك ئامێرە بۆ داغڵکردنی زانیاری بۆ ناو ئامێری کۆمپیوتەر، کە لەشێوەی دەستێك دایە و لەیارییە کۆمپیوتەرییەکاندا بەکاردێت.

JPEG, JPG

فۆرمێکی تایبەتە بەوێنەکان کە بەزۆری بۆ ئینتەرنێت بەکاردێ و سودی لێوەردەگیرێت.

# J

Janet

تۆڕی فێرکاری گرێدراو.

Jar

هێدمە (سەدمە shock)ی بەهێز بۆ ئامێر.

Jargon

زمانی هونەری، زمانی تایبەتی، وشەی هونەری تایبەتە بەجۆرێکی دیاریکراو لەبازرگانی، یان کار، یان پیشە، وەکو زمانی هاکەرز و کراکەر و ....، کە هەموو کەس ناتوانێت بەئاسانی لێیان تێبگات، واتە: زمانێکی چڕ لە وشە و زاراوەی تایبەتە بە پیشەیەك کە

کۆمەڵـــــەی بــــــاوەڕپێکراوی
وێنـەگیری گرێـدراو (پەیوەنـد)،
پێومرێکە بۆ دیاریکردنی ڕێگەی
هـەڵگرتن و پاراسـتنی (سـەیف)
لەفایلێکدا لەسەر دیسك.

Jumper

گەیەنـەر، جـسر، بەیەکگەیـەن،
پلاکێکـی بـچووك یـان وایەرێکـە
کە گونجاوە بـۆ گەیانـدنی نێـوان
دوو خاڵی سورێکی ئەلکترۆنی.

Justify

هاوناســـت کـــردن، ڕێککـــردن،
ڕێکخـستنی شـوێن، ڕێکخـستنی
شوێنی ووشـەکانە بۆچاپکردن و
پڕاوپڕ کردنی نوسـین بەقـەدەر
لاپـەڕەی کـار بـە بەجێهێـشتنی
چـێومیەك بـەبڕێکی دیـاریکراو
بەگوێرەی دەقەکە.

1 kbps = 1024 byte/second

K bit

کیلۆبت.

Kbps (Kilobits Per Second)

کیلۆبت لەچرکەیەکدا.

Kbytes (kilobyte)

کیلۆ بایت.

KC kilocycle

هەزار سوڕ، هەزار خول.

Kerberos

پرۆتۆکۆلی Kerberos.

Kermit

پرۆتۆکۆلی Kermit.

Kerning

بۆشایی نێوان دوو نامە و پەیامە بۆ زیاتر دەرکەوتنیان.

Key

کلیل، دووگمە، ڕێبەر، کۆمەڵێك پیتە بەکاردێت وەك ڕێبەر (دەلیل) بۆ ناساندنی جۆری زانیاری یان شوێنی پێکهاتە، بەدووگمەکانی سەر ڕووی تەختە کلیلیش دەوترێت.

# K

K

ك، کیلۆ، کورتکراوەی وشەی کیلۆیە، بە 1024 یەکەی خەزنکردن دادەنرێت.

Karnaugh map

نەخشەی کارنۆف.

KB (Kilobit, Kilobits)

کیلۆبت، کیلۆبتەکان.

KB (Kilobyte)

کیلۆبایت، بەشێوەیەکی گشتی یەکەکان بەم جۆرەیە:

1 kb (kilobit) = 1024 bits

1 kbps = 1024 B/second

1 kb (kilobyte) = 1024 bytes

Keyboard

تەختەکلیل، کیبۆرد، ئامێرێکە بەکاردێت بۆ داغڵکردنی زانیاری بۆ ناو کۆمپیوتەر.

Keyboard, ANSI

تەختەکلیلی ئانسی.

Keyboard, entry

تەختەکلیل (کیبۆرد) بۆ داغڵکردنی زانیارییەکان.

Keyboard labels

ناونیشانەکانی تەختەکلیل.

Key-frame

چوارچێوەی کلیل.

Key pad

تەختەکلیلی ژمارەکان، کۆمەڵێك دووگمە و کلیلی تایبەتە بۆ نووسینی ژمارە و بابەتی پەیوەند بەژماردن و دەکەوێتە لای ڕاستی تەختە کلیلەوە و بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەردەکەوێت.

Key secondary

کلیلی دووەمی.

KHz kilohertz

کیلۆ هێرتز.

Kill

کوشتن، وەستاندنی کردارێکە لەبەرنامەیەکدا یان لەنەزمی کارکردندا.

Killer, noise

لابەری تەشویش.

Kilo baud

کیلۆ بود.

Kilobit

کیلۆبت، هەزار یەکەی دووانی.

Kilobit per second

کیلۆبت لە چرکەیەکدا.

Kilobyte

کیلۆبایت، 1024 بایت.

Kilocycle

هەزار سوڕ (خول)، هەزار دەورە، کیلۆ سایکڵ.

Kilohertz

کیلۆ هێرتز، 1000 خول/چرکە.

Kilo mega

کیلۆ مێگا، هەزار ملیۆن یان بلیۆن.

Kilo mega cycle

کیلۆ مێگا سایکڵ، هەزار ملیۆن سورِ.

KOPS (Kilo Operation Pre Second)

هەزار کردار لەچرکەیەکدا.

KW (Kilo Word)

کیلۆ وۆرد، کیلۆ ووشە.

# L

## Label

ناونیشان، عەلامەت.

## LAN (Local Area Network)

تۆڕی ناوچەیی، تۆڕێکی کۆمپیوتەری دیاریکراوە، کە پەیوەستە بە شوێنێکی دیاریکراوەوە، کۆمەڵێك کۆمپیوتەر و ئامێری ترەوە کە لەناوچەیەکی دیاریکراودا دانراون و گرێدراون و بەستراون بەیەکەوە بەهۆی ئامێر و بەرنامەی پەیوەندییەوە، بەمەش کارکردنەکان گرێدراو دەبن بەیەکترەوە بەشێوەی تۆڕ.

## Landline

هێڵی پەیوەندییەکان، هێڵی گەیاندن.

## Landscape

پیشاندان و ئامادەکردنی لاپەڕەی کار لەباری پانی، وەکو لەبەرنامەی مایکرۆسۆفت وۆردا.

## Language

زمانی بەنامە نووسی، زمان، کۆمەڵێك هێما و وشە و یاسایە و بەکاردێن بۆ نووسینی بەرنامەی کۆمپیوتەر.

## Language converter

گۆڕەری زمان.

## Language machine

زمانی ئامێر.

## Language rule

یاساکانی زمان.

## Language, symbolic

زمانی ئامازەیی، زمانی ڕەمزی، زمانی هێمایی.

## LAN manager

بەڕێوەبەری تۆڕی ناوچەیی.

## LAN server

خزمەتگوزار-ی تۆڕی ناوچەیی.

## Laptop computer

کۆمپیوتەری کەسی بچوك، کۆمپیوتەری کەسییە کە

حەجمەکەی بچووکە و دەتوانرێت بەئاسانی هەڵبگیرێت و بگوێزرێتەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.

**Laser**

لەیزەر.

**Laser engine**

بزوێنەری لەیزەری، کارپێکەری لەیزەر، جوڵێنەری لەیزەری، ئیشپێکەری لەیزەری.

**Laser printer**

چاپکەری لەیزەری، پرنتەری لەیزەری، چاپکەرێکی گرنگە کە بۆلایەنی چاپکردن سوودی لەتیشکی لەیزەر وەرگرتووە.

**Laser scanner**

سکانەری لەیزەری.

**Laser storage**

شاراکردنی (خەزنکردنی) لەیزەری.

**Laser writer**

تابیعەی لەیزەری.

**Latency**

کاتی گەیاندن.

**Layer**

چین.

**Layout**

پلاندانان، دابەشکردن.

**LCD (liquid Crystal Display)**

پیشاندانی بلوری، لاپەڕەی پیشاندانی کریستاڵی کە لەزۆر شوێندا بەکاردێ، وەکو لە Notebookدا.

**LDAP**

پرۆتۆکۆلی گەیاندنی سادە بۆ فەهرەستەکان، بەشێوەی دیاریکردنی گەیاندنی فایلەکان و سەرچاوەکان و پۆلەکانە لەڕێگەی تۆڕی فراوان یان ئینتەرنێتەوە.

**Leased line**

هێڵی گەیاندنی تایبەتی، سوری پەیوەندی گیراو و پارێزراوە بەشێوەیەکی هەمیشەیی بۆ بەکارهێنانێکی تایبەتی.

**Left**

چەپ.

**Legend**

تەعلیق.

Length

درێژی.

Less than

کەمتر لە.

Less than or equal to

کەمتر لە یان یەکسان بە.

Letter

پیتەکانی ئەبجەدی، نامە، پەیام، ڕەسائیل.

Level

ئاست.

Library

کتێبخانە.

Light pen

قەڵەمی ڕووناکی.

Limit

سنوور، حدود.

Line

هێڵ، دێڕ، خەت، هێڵی گەیاندن کە دوو خاڵ یان زیاتر بەیەك دەگەیەنێت.

Linear

هێڵی.

Line between

هێڵی نێوان، هێڵی نێوان ستوونەکان لەکاتێکدا لاپەڕەی ۆرد دەکەین بەچەند ستوونێك یان لەهەر بەرنامە و شوێنێکی تردا.

Link

پەیوەند، لینك، دروستکردنی پەیوەندی نێوان لاپەڕە و پەنجەرەی جیاواز، یان پەیوەندی نێوان ووشەیەك و فایلێك یان ناونیشانێك و ماڵپەڕێك هێڵی پەیوەندی.

بەکلیك کردن لەسەر هەر وشە و دەستەواژەیەکی لینك کراو، لاپەڕە و بەشی پەیوەند بەو لینکە دەکرێتەوە و هەمیشە ئەو وشانەی لینك کراون هێڵێك لەژێریاندایە و کاتێکیش سەهمی ماوسەکەی دەبەینە سەر سەهمەکە دەگۆڕێت بۆ دەستێك یان شێوەیەکیتر و هەمیشەش بۆ کردنەوەی لینکەکان پێویستمان بەتەنها یەك کلیك دەبێت.

Linking

کرداری داغلگردنی بەرنامەیە بۆ بیری سەرەکی ئامێری کۆمپیوتەر لەپێناو ئامادەکردنەکاندا بۆ چارەسەرکردن، یان داونلۆد کردن و وەرگرتنی زانیاری بەرنامەیە لەماڵپەرێکی ئینتەرنێتەوە بۆ ناو ئامێری کۆمپیوتەری بەکارهێنەر.

Local

ناوچەیی، ناوچە.

Local area network

تۆڕی ڕووبەری ناوچەیی، تۆڕی ناوچەیی.

Local bus

گوێزەرەوەی ناوچەیی.

Local channel

چەناڵی / قەناتی ناوچەیی.

Local printer

چاپکەری ناوچەیی.

Locked

داخراو.

Log

لۆگ، لاگ، تۆماری ڕاستییەکان، شریتی زانیارییەکان، تۆمارکردنی زنجیرەیەك ڕووداوی دیاریکراو.

گەیەنراو، لینککراو، گرێدراو.

Linux

لینووکس، نەزمی کارپێکردن operating systemی ئامێری کۆمپیوتەرە و بەزۆری لەگەڵ کۆمپیوتەری کەسی (personal computer)دا بەکاردێت و یەکێکە لە گرنگترین سیستەمەکانی کارپێکردن و بەزۆری لەولاتانی ئەورووپا بەکاردێت و بەرکەبەری نەزمی کارپێکەری ویندۆزی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت دادەنرێت.

List

لیست، مینو، قائیمە.

Live

ڕاستەوخۆ، زیندوو.

Load

لۆد، پێهەڵگرتن، کورتکراوەی هەردوو ووشەی داونلۆد download و ئەپلۆود uploadە.

Logic

ژیری، ژیربێژی.

Logical

ژیربێژی، مەنتیقی.

Log in, log on

داغڵبوون، چوونە ناو نەزمێکی دیاریکراو، داغڵبوون بەهۆی ناونیشان و وشەی نهێنیەوە، پەیوەندی کردن بەتۆڕی کۆمپیوتەرەوە یان نەزمی لەوحەی زانیاری یان بڵاوکراوە، چوونە ناو ماڵپەڕێکی ئینتەرنێت کە بەشداریت تیایدا هەبێت.

Log off, log out

دەرچوون لە نەزم، دەرچوون لەسیستەم، چوونەدەر لەنەزم، پچراندنی پەیوەندی.

LOL

پێکەنین بەدەنگی بەرز، قاقا، قاقا پێکەنین، گوزارشتێکە بەزۆری لەکاتی چات کردندا بەکاردێت کاتێك نوکتەیەك یان شتێکی پێکەنیناوی دروست دەبێت کە پێویستی بەقاقا لێدان بێت ئەم وشەیە بەکاردێت.

Look

بیدۆزەرەوە لە .....دا، بیبینە لەناو ......، دۆزینەوە لە .......دا.

Look-up

گەڕان، کرداری گەڕانە بەشوێن دانەیەکی دیاریکراودا لەناو خشتەی زانیارییەکاندا.

Low level language

زمانی ئاست نزم، زمانێکی بەرنامە نووسییە کە زۆر زۆر نزیکە لەزمانی ئامێرەوە Machine، سوود وەرگرتن لە زمانەکانی بەنامە نووسی ئاست نزم.

LT (Less Than)

کەمتر لە، بچووکتر لە.

LU (Logical Unit)

یەکەی ژیربێژی.

# M

M mega

میگا، ملیۆن (1000000).

Mac Macintosh

کۆمپیوتەری ماکنتۆش.

Mac binary

پرۆتۆکۆلی ماکباینەری.

Mach

ماك.

Machine address

ناونیشانی ئامێر، ناونیشانی تەواو.

Machine code

کۆدی ئامێر.

Machine error

هەڵەی ئامێر.

Machine language

زمانی ئامێر، زمانی ماشین، زمانی مەکینە.

Macintosh

ماکنتۆش، کۆمپیوتەری ماکنتۆش.

Mac OS

نەزمی کارپێکردنی ماکنتۆش.

Macro

ماکرۆ (گەورە یان باڵا)، شێوازێکی هەنگاو بەهەنگاوە بۆ خەزن کردنی فرمانەکان.

Macro processor

چارەسەرسازی باڵا و گەورە.

Macro program

بەرنامەی ماکرۆ.

Mac TCP

تەکنەلۆژیای MAC TCP.

MADCAP

زمانێکە بەکاردێت بۆ شیکارکردنی گرفتە بیرکارییەکان.

Magnetic

موگناتیسی.

Mail

مەیل، ئیمەیل، پۆستی ئەلکترۆنی، نامە و پەیامی ئەلکترۆنی، بڕوانە E-mail.

Mail bomb, mail bombing

بۆمبی ئیمەیلی ئەلکترۆنی.

Mail box

سندوقی پۆستی، شوێنی هەڵگرتنی نامە ئەلکترۆنیەکانە لەناویدا.

Mailing list

لیستی پۆستی ئەلکترۆنی (E-mail) لایەنی ناردنی هەواڵنامە و گۆڤاری ئەلکترۆنی بەشداربووان، لیستی ئیمەیڵ.

Main memory

یادگەی سەرەکی، بیری سەرەکی.

Main store

شارای سەرەکی ئامێری کۆمپیوتەر، کۆگەی سەرەکی.

Manual

دەستی.

Map

نەخشە.

Margin

هامیش، ماشیە، چواردەوری لاپەڕە.

Mark

هێما، نیشانە، عەلامەت، ڕەمز.

Mass storage device

ئامێری هەڵگرتن و پاراستنی (سەیڤی) گشتی، ئامێری هەڵگرتن و پاراستنی کۆمەڵ، ئامێرێکە کەتوانایەکی گەورە و فراوانی هەیە بۆ هەڵگرتن و پاراستنی زانیارییەکان.

Matrix

ڕیزکراو.

Maximize/Restore

بچووککردنەوە و گەورە کردنەوەی بەرنامەیە لەسنووری شاشەکەدا.

MB (Megabit, Megabyte)

مێگابت، مێگابایت.

MBPS (Megabit/byte Per Second)

مێگابت/بایت لە چرکەیەکدا، پێوانەیەکە و هێمایە بۆ ژمارەی (بتەکان – بایتەکان) لەچرکەیەکدا.

Media

مێدیا، میدیا، ناوەندی خەزنکردنی زانیاری.

Media player

بەرنامەیەکە بەکاردێت بۆ کارپێکردن و لێدانی گۆرانی و پیشاندانی فلیم و گرتە ڤیدیۆی و دەنگ و ڕەنگییەکان.

Mega

مێگا، ملیۆن، یەکەی پێوانەکردنی فراوانی خەزنکردنی زانیارییەکان، ملیۆن یەکەی ژمارەیی دووانی.

Mega bit

مێگابت.

Mega byte (MB)

مێگابایت، ملیۆن بایت.

Megacycle

ملیۆن خول (دەورە) لەچرکەیەکدا.

Megahertz

مێگا هێرتز.

Memorize

گواستنەوەی زانیاری بۆ یادگەی ناوەکی یان تۆمار لەیادگە.

Memory

بیری (یادگە/زاکیرە) ئامێری کۆمپیوتەر، بەشێکە لەنەزمی کۆمپیوتەر کە توانای هەڵگرتن و پاراستن و تیادانانی زانیاری هەیە بۆ کاتی پێویست و داواکراو لەداهاتوودا.

قبوڵکردنی میمۆریەکان و هەڵگرتنی ژمارە دووانیەکانە، بەتەنها پارێزەری زانیارییەکانە لەئامێری کۆمپیوتەردا کە لەلایەنی هەڵگرتنی کاتی زانیارییەکاندا سوودی تەواوی لێوەردەگرێت.

لەجۆرەکانی میمۆری وەك: (core, disk, drum, RAM, ROM, flash, .semiconductor)

ئامێری خەزنکردن لەگەڵ بیر (یادگە)دا، دوو گوزارشتی هاو واتان.

Memory bus

گوێزەرەوەی یادگە.

Menu

لیست، قائیمە، مینو.

Menu bar

شریتی لیستەکان.

Merge

بەیەککردن، دمجکردن.

Message

نامە، پەیام.

Mic

مایك، دەنگبەر، مایکرۆفۆن.

Micro

میکرۆ.

Microcomputer

کۆمپیوتەری بچووك.

Micro floppy disk

فلۆپی دیسکی بچووك.

Microprocessor

مایکرۆ پرۆسێسەر، چارەسەرسازی زانیاری قەبارە بچووك.

Microsecond

مایکرۆسێکند، بەشێك لەملیۆنی چرکەیەك.

Microsoft

مایکرۆسۆفت، گەورەترین و بەتواناترین و دەوڵەمەندترین کۆمپانیای بەرهەم هێنانی تەکنەلۆژی و بەرنامەی software کۆمپیوتەرە، ئەم کۆمپانیایە لەئەمریکایە لەواشنتۆن و لەزۆر وڵات وشار و جێگەی دیکەی جیهانیشدا لقیان هەیە، دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری ئەم کۆمپانیایە کەسێکە بەناوی (بێل گیتس) کە یەکێکە لەدەوڵەمەندترین پیاوەکانی جیهان.

Microsoft access

مایکرۆسۆفت ئەکسێس، بەرنامەی دروست کردنی بانکی زانیارییە و یەکێکە لەبەرنامەکانی کۆمەڵەی مایکرۆسۆفت ئۆفیس و بەکارهێنانی ئاسانە و لەئاستێکی زۆر بڵاودا بەکاردەهێنرێت بۆ دروست کردنی بنکەی زانیارییەکان data base.

Microsoft front page

مایکرۆسۆفت فرۆنت پەیج، بەرنامەی دروستکردن و پیشاندان

هەنـــدێك كـــاری ســـادەی وەكـــو نەخشەسازی ئاسان و رێكخستن و حـسابات ئـەنجام دەدرێـت، بـەڵام بـــەكارهێنانی ســـــەرەكی بـــۆ مەبەستی (پیتـچنین Typing)ە، ئـــەم بەرنامەیـــە ناســـراوترین بەرنامەی كۆمەڵەی مایكرۆسـۆفت ئۆفیـسە كـە لەهـەموو جیهانـدا بـەكاردێت لەلایـەن خـەڵكانێكی زۆرەوە.

Milk disk

دیسكی شیری.

Millicent technology

تەكنەلۆژیای Millicent.

Mill time

مـاوەی چارەسـەركردن لەیەكـەی سەرەكیدا.

MILNET (Military Network)

تۆڕی پەیوەندی سەربازی.

Mind tool

ئـامێری هۆشـی، نـاوێكی تـرە بۆكۆمپیوتەر.

Minicomputer

و دابەزانـدنی لاپـەڕە و ماڵپـەڕی ئینتەرنێتییـە و یـەكێك بـوو لەبەرنامـە دیـار و گرنگـەكانی مایكرۆسۆفت ئۆفیس.

Microsoft outlook

مایكرۆســـۆفت ئـــاوتلۆك، بەرنامەیەكی تایبەتە بەئیمەیڵ و نامـەی ئـەلكترۆنی و یەكێكـە لەبەرنامە گرنگەكانی كۆمەڵەی مایكرۆسۆفت ئۆفیس.

Microsoft power point

مایكرۆســـۆفت پاوەرپۆینـــت، بەرنامـــەی دروســـتكردن و پیشاندانی سلایدە لەسـەر ڕووی شاشـــەی كۆمپیوتـــەر، یـــان پەردەیەكی دیكە، یـان لەشاشـەی تەلەفزیۆنەوە، ئەم بەرنامەیەش یەكێكە لەبەرنامەكانی كۆمەڵەی مایكرۆسۆفت ئۆفیس.

Microsoft word

مایكرۆسـۆفت وۆرد، ناسـراوترین بەرنامـەی تایبـەت بەنووسـین و پیتـــچنینە و بەهۆشـــیەوە

فەرمانەوە وەربگرین بۆئەوەی فایلە وۆردەکە بەهەڵگەڕاوەی ببێتە پی دی ئێف تا دواتر بتوانین کاری خستنە سەر ترێس و پلێتی پێ ئەنجام بدەین.

ML

زمانی چارەسەرکردن.

Mode

شێوە، شێواز، ڕێگە.

Mode binary

باری دووانی.

Modem

مۆدێم، پارەچەیەکی ڕەقە hardware کە گونجاوە بۆ گەیاندنی نێوان کۆمپیوتەرەکان لەڕێگەی هێڵی ئاسایی تەلەفۆنەوە، بۆ گەیاندنی ئینتەرنێت بەم شێوەیە بەیەك مۆدێم کارەکە جێبەجێ دەبێت.

Monitor

مۆنیتەر، شاشە، چاودێر، ئامێری پیشاندانی زانیارییەکانی ناو ئامێری کۆمپیوتەرە و لەگرنگترین هۆیەکانی وەرگرتنەوەی زانیاری

ئامێری کۆمپیوتەری ژمارەیی بچووك.

Mini floppy

دیسکی بچووك، فلۆپی.

Minimize

بچووککردنەوە، بچووککردنەوەی بەرنامەیەك بەجۆرێك کە بەشێوەی دووگمەیەك لەسەر تاسك بار Task bar دەردەکەوێت و بەکلیك کردن لەسەری دووبارە گەورە دەبێتەوە و دێتە سەرشاشە.

Mirror, Mirror site

ئاوێنە، میرور، شوێنی جێگرەوە، ئەم وشەیە لەهەندێك بەرنامەدا وەکو فەرمانێك دەردەکەوێت بۆ نموونە لەکاتی گۆڕینی فایلی وۆرد بۆ پی دی ئێف، ئەگەر بمانەوێت لەدووایدا فایلەکە بخەینە سەر ترێس و ترێسەکەش بخەینەوە سەر پلێت، ئەوا واباشترە سوود لەم

پیشاندان سوودی لێوەردەگیرێت، یەکێکە لەو ئامێرە گرنگانەی کە لەگەڵ ئامێری کۆمپیوتەردا بەشێوەیەکی فراوان و بەرچاو دەبینرێت.

Mouse pointer, pointer mouse

هێمای ماوس، ئەو سەهمەیە کە بەهۆی ئامێری ماوسەکەوە لەسەر شاشەکە دەجوڵێت.

Mouse port

پۆرت ماوس.

Move

جوڵاندنی زانیاری/گواستنەوە.

MPEG [Motion (Moving) Picture Experts Group]

ئێم پی ئی جی، کۆمەڵە پسپۆڕانی وێنەی جوڵاو، فۆرماتێکی تایبەتیە بۆ دروست کردن و پیشاندان و گواستنەوەی فایلە دەنگییەکان و تەسویرییە دیجیتاڵییەکان.

MPOS

output – (وحدة الاخراج) device)ی کۆمپیوتەرە، کە لەگەڵ هەموو کۆمپیوتەرێکدا بەکاردێت بەزۆری لەجۆرەکانی CRT , LCD زۆرن و لەگەڵ کۆمپیوتەری کەسی personal computerدا دادەنرێت.

MOTD

نامەی ڕۆژ، پەیامی ڕۆژ.

Mother Board

مەزەبۆرد، تەختەی دایك، لوحة الأم، بۆردی سەرەکی، بۆردێکی ئەلکترۆنی کۆمپیوتەرە، کە زۆرێك لەپارچە ڕەقە گرنەکان و ئامێرەکان لەسەری دادەنرێت یان لەرێگەی کێبڵەوە بەمەزەبۆردەوە گرێدەدرێت.

Mouse

ماوس، مشکە، مشك، بەشێکی ڕەقی hardware یان ئامێرێکە کە بۆلایەنی دەست بەسەراگرتن و جوڵاندنی سەهمی سەر ڕووی شاشەی

ئێم ئێس ئێن، تۆڕی مایکرۆسۆفت، مسن، یەکێکە لە ماڵپەڕە ناوازە و پڕ خزمەتگوزارییەکان، کە تۆڕی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتی گەورە و باڵایە لەبواری بەرنامە و بەرنامەسازیدا، بۆ گەڕان و .... سوودی تەواوی لێوەردەگیرێت، ئەمەش ناونیشانەکەیەتی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت.
www.msn.com

MSN messenger
بەرنامەیەکە بەکاردێت بۆ گفتوگۆکردنی نێوان کەسەکان لەتۆڕی ئینتەرنێتدا بەهەردوو شێوەی نوسین و دەنگ و ڕەنگ.

MT
وەرگێڕانی میکانیکی یان وەرگێڕانی ئامێر.

Multimedia
مەڵتی میدیا، لێکدان (بەیەککردن) و کۆکردنەوەی دەنگ و وێنە و وێنەی جوڵاو و ڤیدیۆیە لەجیهانی کۆمپیوتەردا.

ملیۆنێك کردار لەچرکەیەکدا.

MPP (Message Processing Program)
بەرنامەی چارەسەرکردنی نامە و پەیام.

MPU
یەکەی کۆمپیوتەری بچووك (یەکەی کارپێکردنی بچووك)، چارەسەرسازی بچووك.

MPU (Micro Processor Unit)
یەکەی چارەسەرکردنی بچووك.

Ms (Millisecond)
میلی چرکە.

MS-DOS
نەزمی (ئێم ئێس دۆس)، نەزمی مایکرۆسۆفت بۆ کارپێکردنی دیسکەکان.

Msec
میلی چرکە.

MSG (Message)
پەیام، نامە، ڕسالە.

MSN (Microsoft Network)

زیاتر لەنەزمی کۆمپیوتەردا، کە پێکدێت لە دوو چارەسازی ناوەندی (cpu) یان زیاتر لەگەڵ بیرێکی سەرەکی هاوبەش.

Multitasking

بەمانای سوود وەرگرتنی هاوکات لەبەرنامە جیاوازەکان، لە کۆمپیوتەردا، یان تێرمیناڵە جیاوازەکان لەتۆڕدا (network).

Music

مۆزیك، مۆسیقا، میوزیك.

Mute

بێ دەنگ کردن، وەستاندنی دەنگ.

My computer

کۆمپیوتەرەکەم، مای کۆمپیوتەر، ئامێری کۆمپیوتەری تایبەتی، بەشێکی گرنگی ویندۆزە کە زۆر بەشتی گرنگی وەك (لۆکاڵەکان (Local C:, Local D:/.... و سیدی درایف و فلۆپی درایف و ..... لەخۆ دەگرێت.

واتە دروستکردنی شتێك (ئۆتۆرەن، ...) کە هەموو ئەو شتانە (وێنە، وێنەی جولاو، دەنگ، ...) تێیدا بەشداربێت.

Multiple

جووت.

Multiplex

مالتی پلێکس، کرداری گواستنەوەی زانیارییە لەئامێرە خێراییە نزمە جیاوازەکانی شاراکردنەوە بۆ ئامێرە خێراییە بەرزەکان.

Multiplexing

مۆلتی پلێکسینگ، پەیوەندی هەمەجۆر، پەیوەندی فرە، کرداری گواستنەوەی میکانیکییە لەکۆمەڵەی نامە و پەیامەکانەوە لەیەك کەناڵی پەیوەندییەوە.

Multiprocessing

مەلتی پرۆسێسینگ، چارەسەرکردنی فرە، چەندین چارەسەرکردن، جێبەجێکردنی هەنووکەیی بۆ دوو بەرنامە یان

# N

Name

ناو.

Nano

بەشێك لە هەزار ملیۆن، بەشێك لە $10^{-9}$

Navigator

بگەڕ، جێبەجێکردن، کەسێك گەڕان ئەنجامبدات.

NC (Network Computer)

کۆمپیوتەری تۆڕی، بەو کۆمپیوتەرانە دەوترێت کە لەتۆڕەکاندا بەکاردەهێنرێت.

NCP (Network Control Program)

بەرنامەی دەست بەسەراگرتن و ڕێکخستنی تۆڕ.

NCS (Network Control station)

وێستگەی دەست بەسەراگرتن و ڕێکخستنی تۆڕ.

NDS (Network Development System)

نەزمی گەشەپێدانی تۆڕ، نەزمی پەرەپێدانی تۆڕ.

NET

نێت، تۆڕ، کورتکراوەی وشەی network. کورتکراوەی وشەی ئینتەرنێتە internet. کورتکراوەی وشەی بەکارهێنانی تۆڕە.

.NET

پاشگرێکە بۆ ئەوماڵپەڕانەی کە تایبەتن بەبواری تۆڕ و شەبەکەوە و کورتکراوەی وشەی تێشۆرکە، کە بەمانای تۆڕ دێت، وەکو:

www.fosta.net

Netiquette

ئادابی ئینتەرنێت.

Net PC

کۆمپیوتەری تۆڕی کەسی.

Netscape

نێتسکەیپ، کۆمپانیایەکی کالیفۆرنیاییە کە لەبواری ئینتەرنێتدا کاردەکات و خاوەنی چەندین بەرهەم هێنان و خزمەتگوزاریە.

Netscape navigator, navigator

پێشاندەری نێتسکەیپ ناڤیگەیتەر.

Network

نێتۆرك، تۆڕ، بەستنەوە و گرێدانی بەکارهێنەرانە پێکەوە بەهۆی ئامێر Device و پارچە ڕەقەکان hardware و بەرنامەکانەوە software، کە بەشێوەیەکی گشتی تۆڕی ناوچەیی LAN و تۆڕی ڕوبەر فراوانمان WAN هەیە.

Network administrator

بەڕێوەبەری تۆڕ.

Network OS

نەزمی کارپێکردنی تۆڕ.

Network software

بەرنامەکانی تۆڕ.

Network structure

پێکهاتەی تۆڕ.

Network topology

تۆپۆلۆجی تۆڕ.

New

تازە، نوێ، لەزۆر بەرنامەدا بەشێوەی دووگمەیەك هەیە کە بۆ کردنەوەی لاپەڕەی تازە (نوێ) بەکاردێت.

Newbie

نیوبی.

.news

هێمایە بۆ کۆمەڵەی هەواڵی.

Newsgroup

کۆمەڵە هەواڵییەکان، گفتوگۆی بەردەوام و هەنگاو بەهەنگاوی نێوان بەکارهێنەرانی ئینتەرنێتە کە لە ڕێگەی نامەی ئەلکترۆنیەوە E-mail بەیەکتری دەگەیەنن.

Next

داهاتوو، دادێ، دوواتر، هەنگاوی دواتر، بڕۆ بۆ هەنگاوی دواتر.

Nickname

ســـــووکە و هـــــەمان کـــــاری کۆمپیوتەری سەرمێز desktop computer دەکات.

Notification area

ناوچەیی چاودێری.

NS (Nano Second)

نانۆ چرکە.

NT (Windows NT)

ویـنـــــــدۆزی NT، نـــــــەزمی کارپێکردنی ویندۆزی ئێن تی.

Nuke

سـڕینەوەی فایلێـك، یـان ڕیزێـك خانــەی ئاسـۆیی، یــان سـیدیەك بەتــەواوی، وەسـتاندنی کردارێـك یان بەرنامەیەك.

Number

ژمارە.

Number, hexadecimal

ژمـارەی هێکسا دیـسیماڵ، ژمـارەی نەزمی شانزەیی.

Number logical

ژمارەی ژیربێژی.

Number octal

ژمارەی هەشتی، ژمارەی ئۆکتاڵ.

نیکنەیم، نازناو، نـاوی خـوازراو، لەقــەب، بــەکارهێنانی ناوێکــە لەلایــەن بەکارهێنەرێکــەوە کــە ناوی خۆی نەبێت.

NL (New line Character)

هێمای دێری نوێ.

NOC (Network Operation Center)

ناوەنــــــــدی کـــــــارپێکردنی (ئیشپێکردنی) تۆڕ.

Noise

تەشـــویش، دەنگـــە دەنـــگ و ژاوەژاو.

Normal

ئاسایی، شێوازی ئاسایی.

Normal font

خەتی ئاسایی، فۆنتی ئاساییف.

Notebook computer

نـــۆت بـــووك، کۆمپیوتـــەری بـچووکی دەسـتی، کۆمپیوتــەری بـچووکی جانتاییــە و بەدەســت هەڵـدەگیرێت و بــەپاتری کــار دەکــات و کێــشی کەمــە و زۆر

Number range

ماوەی ژمارە.

Number serial

ژمارەی زنجیرەیی.

Num Lock key

کلیلی داخستنی تەختە کلیلی ژمارەکـــــان، دووگمـــــەی کوژاندنەوەی (دوگمەی ژمارە و هێما بیرکارییەکان) لای ڕاستی کیبۆردەکەیە.

# O

Object

تەن، پێکهاتە.

Octal

ئۆکتاڵ، هەشتی، نەمی هەشتی.

Octal, binary coded

کۆدی دووانی بەنەزمی دووانی.

Octal digit

ژمارە لەنەزمی هەشتیدا، واتە (7،6،5،4،3،2،1،0)

Octal numcral

ژمارەی هەشتی، octal .number

Odd number

ژمارەی تاك، تاك، تاكەكان (1،3،5،7،9،...)، پێچەوانەی جووت، ژمارەیەکە کە بەیەکسانی و بەبێ بوونی ماوە دابەش نابێت بەسەر (2)دا.

Office assistant

یارمەتی دەری ئۆفیس.

Office clipboard

پارێزەری یادگە (بیر)ی تایبەتی بەرنامەکانی ئۆفیسە.

Offline

ئۆف لاین، بەبێ پەیوەندی، بێپەیوەندی، بەو واتایە دێت کە پەیوەندی بەتۆڕەوە پچڕاوە، جا پەیوەندی بێت بەتۆڕی ئینتەرنێتەوە یان هەر تۆڕێکی دیکەی وەکو LAN یان بۆ نموونە پەیوەندی بەبەرنامەکانەوە.

Ok

ئۆکەی، ڕازی بوون، موافیق، باشە.

One-for-one

یەك بۆ یەك.

One-for-one translation

وەرگێڕانی یەك بۆ یەك.

One-to-one

یەك بۆ یەك

Online

ئۆف لاین، پەیوەند، پەیوەند دار، پێچەوانەی offline، بەو مانایە دێت کە پەیوەندی هەیە و نەپچڕاوەو بەردەوامە.

Online help

یارمەتیدانی بەپەلە.

Online state

حاڵەتی پەیوەندی.

Online system

نەزمی گرێدراو و پەیوەندار.

Open

کردنەوە.

Open Doc

تەکنەلۆژیای open doc.

Open-ended

دیاری نەکراو، کۆتایی کراوە، گونجاو بۆ ڕێککردنەوە و دەستکاری کردن بەپێی پێویست.

Open ended system

نەزمی کراوە.

Open file

فایلی کراوە.

Open loop

نەزمی زنجیرەیی (ئەڵقەیی) کراوە.

Open source

بەرنامەی ئازاد، سەرچاوەی کراوە، دەقی کراوە، بەو بەرنامانە دەگوترێت کە کۆدی سەرچاوەییان source code لەبەر دەست بەکارهێنەردایە و هەموو کەسێك دەتوانێت بەحەزی خۆی گۆڕان لەڕووکاری بەرنامەکەدا بکات.

Open system

نەزمی کراوە.

Open University

زانستگە (زانکۆ)ی کراوە، بەو زانکۆیانە دەوترێت کە فێرخواز دەتوانێت لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە تیایدا بخوێنێت و بڕوانامە بەدەست بهێنێت بەبێ بوونی هیچ گرفتێك.

Operating software

بەرنامەی کارپێکردن.

Operating system

نەزمی کارپێکردن، سیستەمی ئیشپێکردن.

Operation

کرداری کارپێکردنی زانیاری.

Operation, transfer

کرداری گواستنەوە.

OS operation system

نـــەزمی کـــارپێکردن، سیـــستەمی ئیشپێکردن.

Out device

ئامێری دەرهێنان و وەرگرتنـەوەی زانیاری.

Outline

هێڵـــە دەرەکییـــەکان، ســـنورە دەرەکییەکان.

Outlook express

ئـــــاوتلۆك ئێکسپرێـــــسس، بەرنامەیـــــەکی کۆمپانیـــــای مایکرۆســـۆفتە بـــەکاردێت بـــۆ رێکخـــستن و چـــاککردنی نامـــەی ئەلکترۆنی.

Output

دەرهێنان و وەرگرتنەوەی بەرهەم و ئەنجام.

Outside

لەدەرەوە، دەرەکی.

Outside loops

زنجیرە (ئەڵقە) دەرەکییەکان.

Operation, transmit

کرداری گواستنەوە.

OPM

ژمـــــــارەی کردارەکـــــــان لەچرکەیەکدا.

Optical disk

سیدی، compact disk.

Options

هەڵبژاردنەکان، خیارات.

Or

یان (یان)ی ژیربێـژی، بۆپێکـەوە بەســـــتنی وشـــــە و زاراوە و پێکهاتەکان.

ORACLE

ئۆراکـــڵ، نەزمـــە، بەرنامەیـــە، زمـــانی بەرنامـــە نووســـیە، کۆمپانیایـــــەکی ناســـــراوی کالیفۆرنیاییە.

.org

پاشگری تایبەت بەو ماڵپەرانەی هی رێکخراو کۆمەڵەکانە، کورتکراوەی وشەی رێکخراوە organization.

Oval

هێلکـەیی، لەهێلکەچـوو، شـتێك شـــێوەکەی هێلکـــەیی بێـــت و لەهێلکە بچێت.

# P

P PETA

پێتا

P5

چارەسازی P5.

Package

بەرنامەی جێبەجێکردنی گشتی.

P-address

بەشی ناونیشان.

Page

لاپەڕە، لاپەڕەی بیر (یادگە).

Page heading

ناونیشانی لاپەڕە.

Page number

ژمارەیی لاپەڕە.

Page orientation

ئاراستەی لاپەڕە.

Page setup

ڕێکخستن و ئامادەکردنی لاپەڕەکانی دۆکیومێنت بۆ چاپکردن.

Page per minute

لاپەڕە لە دەقیقەیەکدا.

Point

پەینت، وێنەکردن، بۆیاخ کردن، بەرنامەیەکە بەکاردێت بۆ وێنەسازی و وێنەکێشان، یەکێکە لەبەرنامە پاشکۆکانی ویندۆز.

Paint program

بەرنامەی وێنە.

Palette

پالێت، پیشاندانی کۆمەڵێك ڕەنگە لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر لەرێگەی یەك پەنجەرەوە، کە بەزۆری لە بەرنامەکانی تایبەت بەوێنەسازی دا هەن، وەکو لە فۆتۆشۆپدا.

Paper

لاپەڕە، پەڕە، پەڕەکاغەز.

Paper size

حەجمی لاپەڕە.

Paper-white

لاپەڕەی سپی.

Paragraph

پەرەگراف، فەقەرە.

**Past**

دانانەوە، لکاندن، مەبەست لە لکاندن و دانانەوەی شێکی بڕدراو یان لەبەرگیراوەیە.

**Past special**

دانانەوەی تایبەتی، لکاندن لەجۆری تایبەتی.

**Patch**

پاچ، پینەکردن، پارچە لێکدان، زنجیرەیەك، ڕوونکردنەوە و زانیارییەکە بەکاردێت بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان لەبەرنامەدا، یان گۆڕینی بەرنامە.

**Pause**
